# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی نۆهەم ژمارە (199) بەرواری 15–9–2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت




تویێژینەوەیەکی کورت سەبارەت

بە فیدرالیزم

## نەتەوەپەرستی دەبێ ببێت بەکاریکی شەخسی!


....ل11

## وتەی ژمارە

## ڕێکخراوبوون و ئەلتەرناتیفی شۆڕشگێڕانە زامنی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرییە!

عەبدوڵا مەحمود

دۆخی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و خەڵکی نەدار، بەتایبەتی موچەخۆران و فەرمانبەران، لەو پەڕی خراپیدایە، هاوکات خەریکە ئاسەوارێک لە خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییە گشتییەکان نامێنێتەوە و کەرتی تایبەتی و سەرمایەداران خەریکن لوشی دەدەن.



ئەم دۆخە جارێکی زەمینەکانی هاتنەوە مەیدانی جەماوەری بێبەشی کوردستانی وەکو ناچارییەک بۆ بەرگرتن بە ژیان و گوزەرانیان، کردۆتە پێداویستیەکی دەم و دەست. هەر ئێستا بەهۆی بێ موچەیی و دواکەوتنیەوە، مامۆستایان و فەرمانبەران بریارە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەوامدا، ئەوانیش دەست بدەنە نارەزایەتی و کۆبونەوە و بایکۆت رابگەیەنن. ئەوە بەجیا لەوەی شەپۆلی تورەیی و نارەزایەتی چینی کرێکار و سەرجەم خەڵکی بەش مەینەت لە دژی گرانی و بێکاری و نەبوونی، لەدژی سەرکوتی سیاسی و ژێر پیخستنی ئازادییە سەرەتایەکان و مافە دەردی و مەدەنیەکان، شەپۆل دەدات. بەکورتی رەوتی دووبارە دەسنپیکردنەوەی نارەزایەتیەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و شەقامدا، خەریکە دەست پێدەکاتەوە، بیگومان نارەزایەتیەکانی ئەمجارە بەرینتر و سەراسەری تر لە برگەکانی پیشوو دەبێت و ئاست و جۆری داخوازیەکانیش زیاتر دەبن. هۆشیاری چینایەتی و بەرچاورۆشنی بە کەڵک وەرگرتن لە بزوتنەوە نارەزایەتیەکانی رابردوو، لە ئاستیکی بالاتردا خۆی نمایش دەکات. دیارە وا دێتە مەزەندە دەکرێت، خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی ئەم دەورەیە توندتر و زبرتر بن و وەڵامی دەسەڵاتی سیاسیش رەقتر بێت، چونکە هەم دۆخی جەماوەری ناڕازی گەیشتۆتە سەر ئیسقان و هەم دەسەڵاتی سیاسی دەرگیری ئەزمەیەکی قوڵ و بێ چارەسەرە.

لەناو دڵی ئەم ئالوگۆرەدا، هەموو کردەو هەنگاوێکی هۆشیارانەو ڕێکخراو و شۆرشگێڕانە، کاریگەریی و بەرهەمەکەی خێراترو زۆرتر دەبێت. ڕووهێنان بۆ سیاسەت و کاری سیاسی فراونتر دەبێت، بەڵام ئەمە تەنها لایەن و دیوێکی ئەرینی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرییە. لایەنێکی تر کە

بۆ لاپەڕە 2

## دیاریکردنی چارەنووسی گیراو و کوژراوەکانی لالەزار لە ئەستۆی یەکێتی نیشتیمانییە!



نزیکەی سێ هەفتە بەسەر هێرشی چەکدارەکانی یەکێتی بۆسەر لالەزار و شوێنی حەوانەوەی لاهور شیخ جەنگی تێپەڕدەبێت، کە تیایدا ژمارەیەک چەکدار کوژران و بریندار بوون و بەسەدان کەسیشیان دەستگیر کران، کەچی نەک چارەنووسی گیراوەکان تا ئێستا بەتەواوەتی ئاشکرا نەکراوە و نازانرێت، بەڵکو ژمارەی راستەقینەی کوژراوەکان نادیارەو و هاوکات گەران بۆ دەستگیری لایەنگرانی بەرەی گەل بەردەوامە.

بۆ لاپەڕە 3

## بێ موچەیی و دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندن!

چەند ڕۆژێکی تر ساڵی تازەی خوێندن دەست پێدەکات و بریارە ٢١/٩/٢٠٢٥ دەرگای قوتابخانەو پەیمانگا و زانکۆکان بکرێنەوە. لە کاتێکدا بە سەدان هەزار خویندکار لە ئاستە جیاوازەکاندا رووەدەکەنەوە دەوام، کە کێشەی دواکەوتنی موچە، نەک چارەسەر نەبووە، بەڵکو ئاسۆیەکی رۆشن بۆ چارەسەری لە ئارادا نییە.



دواکەوتنی موچە، کە فەرمانبەران بەگشتی و مامۆستایان بەتایبەتی لەگەڵی بەرەو ڕوون، لەگەڵ خۆیدا سەرجەم کۆمەڵگەی پەلکێشی دۆخێکی نەخوازراوی برسێتی و نەبوونی کردۆتەوە، کە

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- سەندیکا چییە؟................................................................................ل4
- پرسی ڕۆژ تایبەتە بە پرسی ئازادی بیروڕا لە کوردستان.................................ل5
- دیواری سایکۆلۆژی................................................................................ل6
- حزبییەت و کۆمۆنیزم، گەشتێك بە دیدگای مارکس، لینین، مەنسورحیکمەت..........ل9_10


دۆسیەی ژمارە ”پرسی هۆکارەکانی دواکەوتنی موچە و کاریگەریەکانی لەسەر کۆمەڵگە“

“ هاوڕێ حەسەن مارف وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل12




پرسی ڕۆژ ل5

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7_8

## درێژەی وتەی ژمارە

چارەنووسازترە بۆ سەرکەوتن و ڕەوتی ڕوولەپێشی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، کە دەتوانێت ئایندەی ئەم بزوتنەوەیە بە سودی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیش بنەخشینێت. ئامادەییەکان و میکانیزمەکان و ڕێگاکانی پێشڕەویی و ئەو هەنگاوانەیە کە باڵانسی هێز لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەسودی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە دەکات و دەگۆڕێت.

ئێمە لە هەلومەرجی سیاسی کوردستانداو بە تایبەتیش لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ وە، گەواهیدەری بەردەوامی نارەزایەتی جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەڵاتییەکانین بە دژی دەسەڵاتی سیاسی. ئەگەر پێشووتر نارەزایەتی چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە سنووردار، ئاستی داخوازییەکان لە خوار، هوشیاری و ئاگاهی هاوڵاتیان بەرتەسک و گۆرەپانی دەرکەوتنی نارەزایەتییەکان لەسەر شەقام زۆرتر زۆنی سەوز بوو، ئێستا ئەوانە هەموویان گۆڕانی بەرجەستەیان بەسەردا هاتووە، ئاڵوگۆڕێک کە هەموو کەسێک و دەسەڵاتی سیاسیش لێی بە ئاگایە.

لەنێو ئەو ڕەوتە روو لەپیشەی بزوتنەوەی نارەزایەتی بەدژی دەسەڵاتی بۆرژاو ناسیونالیستی کورد، لەگەڵ ئەوەدا بزوتنەوەی داخوازییەکان بەرینتر و سەراسەری تر بۆتەوە، هاوکات خواستی ڕاماڵینی دەسەڵاتیش وەکو تاکە ڕێگەی نەجات، بۆتە قیبلەنوومای سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، و هیچ کام لە چین و توێژە بێبەبەشەکانی کۆمەڵگە، چاوەروانییەکیان لەدەسەڵات نەماوە کە بتوانێت کەمترین ئاڵوگۆر بە ئاقاری باشتر بوونی ژیان و گوزەران و ماف و ئازادییەکان، فەراهەم بکات. هەر ئەو راستیەشە بۆتە بناغەی بەرینبوونەوەی تورەیی جەماوەری لە زاخۆوە بۆ خانەقین و هاوکاتیش بۆتە مایەی ترس لێ نیشتنی دەسەڵاتی سیاسی.

لە رابردووی نزیکدا نەفرەت و تورەیی هاوڵاتیان، بەهۆی ڕێکخراونەبوون و پرش و بڵاوییەوە، باجی زۆری داوە، لەوەش زیاتر ڕەوت گەلی سیاسی لەقوماش و جۆری بزوتنەوەی گۆڕانی گەیاندۆتە دەسەڵات و نەوەی نوێی کردۆتە فیگەرێکی دیار و ئۆپۆزیسیۆنی میدیایی دروستکردووە، ئەوانە گوزری گەورەی لەئومێد و نارەزایەتی جەماوەری سەربەخۆ و ئازادیخوازنە وەشاندووە. لە دۆخی ئێستادا کە خواستە سادەکانی جەماوەری بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان، لەگەڵ خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات، بۆتە خواستی زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە، ریکخراو نەبوون و نەبوونی ئەڵتەرناتیفی شۆرشگێرانە، چەند بەرابەری رابردوو کوشندە و مەرگبارە بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە.

خاڵی هەرە لاوازی سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان" بزوتنەوەی کرێکاریی، بزوتنەوەی ژنان و لاوان و خویندکاران، مامۆستایان و کارمەندان و ناوەندە خزمەتگوزارییەکان" ڕێکخراو نەبوون و نەبوونی ریکخراوەی سەربەخۆی خۆیانە، نەبوونی ئیستراتیژی و پەرچەم و ئەڵتەرناتیفی شۆڕشگێرانەیە.

بۆرژوازی کورد، لەڕێگای سەندیکا زەردەکان لە ناو کرێکاراندا، لە ڕێگای دەیان ڕیکخراوەی ژنان و خانمان و ئافرەتان، لە بزوتنەوەی ژناندا، لە ڕێگای چەندین ڕێکخراوەی خوێندکاران و قوتابیان و لاوان، لە بزوتنەوەی خوێندکاران و لاواندا، لە ڕێگای چەندی ڕێکخراوەی مامۆستایان و لەناو تورەیی مامۆستایاندا، لە ڕێگای دەیان ریکخراوەی ئەدەب و هونەری و وەرزشی لە ئاستی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئەو توێژانەدا، وە لە ڕێگای دەیان ئین جی ئۆی بێ رۆڵی مۆڵەپێدراوی جیاوزادا□ توانیویانە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە تۆرێکی فراوانی ڕێکخراودا، ڕیک بخەن و دووریان بخەنەوە لە ڕێکخراوەی سەربەخۆ جەماوەری و پیشەیی خۆیان. لەوەش زیاتر قڵشتی ئەم بەشانەیان لە ململانێی حزبیدا تارادەیەک، بەرین کردۆتەوە.

لەبەرامبەردا، لەناو هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، هیچ ڕێکخراوەیەکی کریکاریی سەربەخۆ کە بەرگری لە بەرژەوەندی کرێکاران و خواست و مافەکانیان بکات، یان ڕێکخراوەیەکی ژنانی بەهیز و کارا، کە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بکات. ڕێکخراوەیەکی مامۆستایان و خویندکاران و کارمەندان و هونەرمەندان و نووسەرانی ئازادیخواز، کە ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان کردبێتە سەکۆیەک و سەنگەرێکی بەرگری لەماف و داخوازییەکانیان، ئامادەییان نییە. ئەم لاوازییە بۆتە هۆی ئەوەی کە توانایی ئەم بزوتنەوانە لە ئاستی کۆمەڵگەدا زۆر بەرجەستە نەبێت و بەرووی دەسەڵاتدا بەهێز نەبێت و تۆڕی هاوکاری ئەم بزوتنەوانە، لێک هەڵپێکراو نەبێت.

ئێستا کە خواستی موچەو خزمەتگوزارییەکان، بۆتە مەسەلەی سەرەکی و ویستێکی فراوانی کۆمەڵایەتی، هاوکات ڕێکخراوە زەرد و نۆکەرەکانی دەسەڵاتیش لەبەردەم غەزەبی بەرینی هاوڵاتیاندان و دەمێکە ماهیەتیان دەرکەتووە، کە ناتوانن سواری شەپۆل و ویستی رەوای بزوتنەوەی نارەزایەتی ببن. پرسی دەستبردن بۆ ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوون یەکێک لە لایەنە هەرەچارەنووسازەکانی سەرکەوتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و نارەزایەتی جەماوەری و ڕاکیشانی پشتوانی گشتی کۆمەڵگەیە.

دەشی بزوتنەوە جەماوەری لە ساتێک لەساتەکاندا بە هۆکارێکی دیاریکراو بتەقێتەوە و دەسەڵات یان بەشێکی دەسەڵات، یان دەسەڵاتی زۆنێک ڕابماڵێت، هەروەکو ئەوەی لە بەشێکی دنیای عەرەبدا لە باکوری ئەفریقا لە ساڵی ٢٠١١ روویدا، بەڵام هەر بەو هۆکارە سادەیە، کە ئاستی ریکخراوبوونی جەماوەری کرێکار و جەماوەری بێبەش لە ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیاندا، زۆر لاواز و لە ئاستی نەبوونیدا بوو، وە هاوکات ئەلتەرناتیفێکی شۆڕشگێرانەی ریکخراو و بەهیز ئامادەیی نەبوو، هێزگەلی سیاسی تری ئامادە و ڕێکخراو، خەون و ئاواتی ملیۆنەها ئینسانیان بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ڕفاند.

چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان□ وە بەدیاریکراوی، ڕابەرانی کریکاریی و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان، ئەگەر دەست نەبەن بۆ ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان لە شوێنی کار و کارگەو ناوەندکان، وە ئەگەر بزوتنەوەی نارەزایەتییە گشتییەکانی شەقام، کە هێزی سەرەکیەکەی فەرمانبەران و مامۆستایان و لاوان و ئۆردوی بێکاران و لەشکری برسیەکانن، خۆیان لە ڕێکخراوەی خۆیاندا سازو ئامادە نەکەن و دواتر لە پشتیوانی چینی کریکار... بەهرەمەند نەبن، وە بەهێزی ڕێکخراو یەکگرتوانەوە نەچنە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، هێز گەلی تری بۆرژوازی خەون و ئاواتەکانیان، بە نەخشەوە و لەڕێگای پلان و فریوکاری و ئامادەیی ڕیکخراوەیەوە دەدزن. بەجیا لەوانەش ڕێکخراوبوونی کریکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە بەجیا لە ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوون، لە ریکخراوەی سەربەخۆی خۆیاندا، و لەشوینی کار و بەرهەم هێناندا، پێویستیان بە ریکخراوبوونە لەدەوری خواستە گشتیی و سەراسەریەکاندا، ئەو خواستە بنەرەتی و سەرەکیانەی کە تەواوی چینی کرێکار و ئۆردۆ بێبەشی کۆمەڵگە، لەسەری هاوئاهەنگ و تەبان و پرسی بناغەیی کۆمەڵگەن. لەوانەش" نان و خزمەتگوزارییەکان، ئازادییە سیاسی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، ئایندەی سیاسی کوردستان" لەوانەش گرنگتر بوونی ئەلتەرناتیفی شۆرشگێرانەیە بۆ جێگرتنەوەی دەسەڵاتی ڕاماڵراو و ڕاونراو و بەرگریکار لە دەسەڵاتی نوێی جەماوەری کرێکار و بێبەش، تا بۆشایی دەسەڵات دروست نەبێت و لق و باڵی تری بۆرژاوازی لەبەرگی تردا دەسەڵاتی پیشوو نەگێرنەوە.

بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئاستی محەلی" کارگەو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و قوتابخانە و پەیمانگاو زانکۆکان و گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکان" و ئاوێزان بوونی لەگەڵ تورەیی و نارەزایەتی گشتی شەقام، زامنی وەگەرکەوتنی هێزێکی بەرین و ئیرادە نواندنێکی ڕێکخراوە، کە بەزوویی دەتوانێت هاوسەنگی هێز بەخێرایەکی سەرسوڕهێنەر بگۆرێت و دارمان و ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی، مەیسەر بکات.

بەکورتی ڕیکخراوبوون و ئەلتەرناتیفی شۆڕشگێرانە لە پێناو گیرانەوەی دەسەڵات بۆ خودی بەرهەمهێنەران و خاوەنی ئەسلیَ کۆمەڵگە، مەرجی سەرەکی و یەکلایی کەرەوەی سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و زامنی ئایندەیەکی باشترە، کە ئینسان تیادا ئازاد و تەسەل و بەرابەرە.

**ناوەراستی سێبتەمبەری ٢٠٢٥**

**چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان... وە بەدیاریکراوی، ڕابەرانی کریکاریی و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان، ئەگەر دەست نەبەن بۆ ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان لە شوێنی کار و کارگەو ناوەندکان، وە ئەگەر بزوتنەوەی نارەزایەتییە گشتییەکانی شەقام، کە هێزی سەرەکیەکەی فەرمانبەران و مامۆستایان و لاوان و ئۆردوی بێکاران و لەشکری برسیەکانن، خۆیان لە ڕێکخراوەی خۆیاندا سازو ئامادە نەکەن و دواتر لە پشتیوانی چینی کریکار... بەهرەمەند نەبن، وە بەهێزی ڕێکخراو یەکگرتوانەوە نەچنە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، هێز گەلی تری بۆرژوازی خەون و ئاواتەکانیان، بە نەخشەوە و لەڕێگای پلان و فریوکاری و ئامادەیی ڕیکخراوەیەوە دەدزن...**

## درێژەی: دیاریکردنی چارەنووسی گیراو و کوژراوەکانی لالەزار لە ئەستۆی یەکێتی نیشتیمانییە!

ئەم هێرش و رەفتارەی یەکێتی نیشتیمانی بە پاساوی "کودەتا" و "تێکدانی ئاسایشی شار"، بە بەکارهێنانی چەکی قورسی هەمە چەشن و بە بەشداری هەزاران چەکدار لە ناوجەرگەی شاردا، نەک نیشانەی پابەند بوونی یەکێتی بە یاسا و بەرگرتن بە ئاسایشی شار نەبوو، بەڵکو ژێرپێخستنی هەموو پرانسیپیک و هەموو پێوانەیەکی یاسایی بوو. یەکێتی دەیتوانی بەچەندین رێگای تر بێ ئەوەی شار میلیتاریزە بکات، بێ ئەوەی دەیان هەزار چەکدار بجوڵێنی و بێ ئەوەی ئەو جبەخانە هەمەچەشنە قورسەی چەک، بەکار بهێنێ، ئەو ژمارە چەکدارە بکاتە قوربانی و قەرەبروت بەسەدان کەس دەستگیر بکات، دەیتوانی لاهور شێخ جەنگی و هاوکارە سەرەکیەکانی دەستگیر بکات و کێشەی خۆی لەگەڵیان بەشێوەی تر یەکلایی بکاتەوە. ئەوەی یەکێتی ئەو رێگا بودەڵە سەربازییەی هەڵبژارد، لە بنەرەتدا بۆ ترساندنی کۆمەڵگەو بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری دەنگی نارازی بوو... بەردەوامی لە دەستگیری و بەنادیار هیشتنەوەی ژمارەی قوربانیان و گیراوەکان، بەڵگەی ئاشکرایە کە یەکێتی نیشتیمانی خەریکی یەکلاییکردنەوەی کێشەی سیاسیە و بنەماڵەییە، لەگەل ئامۆزاو نەیارە سیاسیەکەی زۆنی سەوز، لە رێگای سەرکوت و ترساندنەوەو وە رەتکردنەوەی ئازادی هەڵسورانی سیاسییە. ئەگەر وەکو خۆیان دەڵێن لاهوری ئامۆزا و چەند هاوکارێکی خەریکی "کودەتا" و پلاندارێژەری "تیرۆری سەرۆک" بوون، ئەی تاوانی لایەنگرانی بەرەی گەل چییە لە شارو شارۆچکەکان دەستگیر دەکرێن؟!!. تەنانەت ئەگەر بەرەی گەل، رەوت و دەستەیەکی نایاسایيە!!، بۆچی لە رێگای دادگاوە دەست بەکار نەبوو بۆ وەرگرتنەوەی مۆڵەتی چالاکی بەرەی گەل و یاساغ کردنی؟

هەموو ئەو رەفتارانەی یەکێتی لە هێرشی چەکداری بۆسەر لالەزارەوە تا دەستگیری بەردەوام و خۆدزینەوە لە راگەیاندنی ژمارەی کوژراو و بریندار و گیراوەکان و مامەڵەی توندوتیژ لەگەڵ گیراوەکان و وەڕیخستنی سیناریۆی دادنپیانان و بڵاوکردنەوەیان، پێش بریاری دادگا!!، و ساغ بوونەوەی تۆمەتەکانی سەریان نیشانی دەدات، کە یەکێتی نیشتیمانی لە رێگای ئەم سەرکوت و هێز نیشاندانەوە، دەیەوێت زۆنی سەوز چاوترسێن و زەرد بکات و دەنگی نەفرەت و نارەزایەتی کپ بکات. دیارە نەیەکێتی نیشتیمانی نە هیچ هێزێکی سیاسی تر، ناتوانێت زۆنی سەوز، بێدەنگ بکات و بەر بگرێت بە تورەیی و نەفرەتی حەقخوازنەی جەماوەری ئەم زۆنە. بۆیە ئازادکردنی گیراوە سیاسیەکان ولایەنگرانی بەرەی گەل، دەستهەڵگرتن لە دەستگیری و ئاشکرا کردنی ژمارەی کوژراوەکان و چارەنووسی ونبوەکان و گیراوەکان... بژاردەیەکە لە بەردەم یەکێیدا، هاوکات گوشاری خەڵکی ئازادیخوازو بلۆکی ئینسان دۆست و قەڵەم و رۆژنامەنووسە ئازاد و ئازاکان، دەتوانێت یەکێتی ناچار بکات هەرچی زووە، دەست لەو رەفتارە سەرکوتگەرییەی هەڵبگرێت.

## درێژەی: بێ موچەیی و دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندن!

کاریگەری نەک تەنها لەسەر پرۆسەی خوێندن، بەڵکو لەسەر سەرجەم کایەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان هەیە.

پێشمەرجی خوێندنی تەندروست لە هەر جێگایەکی دونیا، بەجیا لە کەشی ئارامی سیاسی، دوورراگرتنی خوێندن و پەروەردە لە قەوم گەرایی و تایفەگەرایی و دین و مەزهەب گەرایی و...تاد، بەهرەمەند بوونی هاوڵاتیانیەتی لە لانی کەمی خزمەتگوزارییەکان و پێداویستیەکانی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە، لە بینای شیاو و گونجاو، مامۆستای پێویست و پەرەدان بە تواناییەکانیان، تاقیگە و مەنهەجی تەندروست و ئینسانی پشت بەستوو بە زانست و پێشرەویەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە، کەشی ئارام و بەرابەر...

بەداخەوە لە دۆخی هەرێمی کوردستاندا، بەو هۆیەوە خودی دەسەڵاتی سیاسی خاڵییە لە هەموو ستاندارد و پێوانەیەکی ئینسانی مۆدێرن، خودی پرۆسەی خوێندن، وەکو بەشی زۆری کایەکانی تر، وێران و داروخاوە. نەبوونی قوتابخانەو بینای پێویست، تاقیگە و کەشی ئارام، نەبوونی ژمارەی پێویستی مامۆستا و گوێنەدان بە پەرەدان بە توانا سازیان، نەبوونی مەنهەجی خوێندنی زانستی و سەردەمی، گوێنەدان بە ئایندەی نەوەکانی، بەهەند نەگرتنی توانایی و لێهاتوویی و زاڵکردنی هەژموونی سیاسی و حزبی بەسەر پرۆسەی خوێندندا، گورزی گەورەیان لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە داوە.

لە هەموو ئەوانە واوتر، برسیکردنی هاوڵاتیان و بێ موچەیی و دواکەوتنی موچەیە... نەبوون و دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان، کە دەکاتە بڕینی هەموو توانایی و سەلیقیەکی پێویست و بێ بەهاکردنی ژیانێکی سادە، گەورەترین گوزری لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە داوە. بایکۆت و بەردەوامی مانگرتن و کۆبونەوە و خۆپیشاندانی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە، وەکو کاردانەوە و بەرگری لە ژیان، هەموو ساڵێک هەنگاوێک پرسی خوێندن و پەروەردەو ئاستەکەی دەباتە دواوە و لەوەش زیاتر ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان رەوانەی ئوردوی بازار و کار و بێبەش لە خوێندن دەکات، کە ئەم دۆخە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسی سەرەکیەتی.


بێ موچەیی و دواکەوتنی وای لە بەشێکی زۆری مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە کردووە، کە بە ناچاری شتی ناوماڵەکانیان بفرۆشن و دەست لە زۆر پێداویستی ژیان کردن هەڵبگرن، هاوکات دەست بۆکاری تر ببەن، تا بتوانن ژیانێکی مەمرەو مەژی بژین، بەجیا لەوانە ئەو دۆخە نەک ساڵانە دەسپێکی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دوا دەخات، بەڵکو ئاستی خویندن و پەروەردەش بەرەو داکشان دەبات.

لە ئێستادا کە تەنها چەند رۆژێک بۆ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان ماوە، پرسی بایکۆت و مانگرتن و بۆتەوە بژاردەیەکی ناچاری مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە، بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسی کە چیتر کایە بەپرسی خوێندن و پەروەردەو ئایندەی نەوەکانیان نەکات. مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە، پێویستە، لە جوڵانەوەی ئەو دەورەیەدا، بەکەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی خەباتکارانەی پێشوویان جوڵانەوەیەک وەڕێبخەن، کە گەورەتر و رێکخراوتر و سەراسەری تر لە پێشوو بێت، کە پشتیوانی سەرجەم کۆمەڵگە و لە پێشیانەوە پشتیوانی کەس و کاری خوێندکاران بۆخۆیان زامن بکەن. جیا لەوەش کاتی ئەوە هاتووە، مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە، دەست ببەن بۆ پێکهێنانی رێکخراوەیەکی سەربەخۆی مامۆستایان، کە بەرژەوەندی هاوبەشی مامۆستایان و پرۆسەی خوێندن و پەروەردە، مەبناکەی بێت.

**دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە، مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە، دەست ببەن بۆ پێکهێنانی رێکخراوەیەکی سەربەخۆی مامۆستایان، کە بەرژەوەندی هاوبەشی مامۆستایان و پرۆسەی خوێندن و پەروەردە، مەبناکەی بێت...**

# سەندیکا چییە؟

## بەشی یەکەم



سەندیکا لە بنەڕەتدا ڕێکخراوێکی کرێکارییە کە دوای شکستی ڕاپەڕینە تاکەکەسییەکانی کرێکاران، دوای سەردەمی شکاندنی ئامێرەکان و دوای ئەوەی مارکس بە "پێکهاتە لاوەکییەکان کە هیچ ئامانجێکیان جگە لە مانگرتنی کاتی نەبوو" ناوی دەبرد، دروستبوون. ئەوان نیشانەی گەشەیەکی دیاریکراو بوون لە هۆشیاریی چینی کرێکاردا، کە تێیدا کرێکار دوژمنی خۆی نەک لە ئامێرەکەدا، بەڵکو لە خاوەنکار یان سەرمایەداردا دەبینی و بە گرنگی یەکێتی دەگەیشت. بینیمان کە دروستبوونی سەندیکا هاوکات بوو لەگەڵ گەشەکردن و زاڵبوونی بەرهەمهێنانی کارگە (واتە پووکانەوە یان بەلایەنی کەمەوە پاشەکشێی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و وەرشەیی (مانۆفاکتۆری)). لە بەرهەمهێنانی کارگەییدا پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان بە شێوەیەکی پەرەسەندوو، ڕووت و ڕوون دەردەکەون، لێرەدایە کە کۆمەڵێک ئامێری بەرهەمهێنان کە لە دەستی یەک کەس یان ژمارەیەکی کەم لە کەسەکانە لەلایەک، و کۆمەڵێک بەرهەمهێنەری بێ ئامێری بەرهەمهێنان کە خاوەنی هیچ شتێک نین جگە لە هێزی کاری خۆیان لەلایەکی تر، بە شێوەیەکی ڕوونتر بەرامبەر یەکتر دەوەستنەوە و پرۆسەی بەرهەمهێنان کە هەمان پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەهای زیادە یان قۆرخکردنی کار لەلایەن سەرمایەوەیە، ڕوودەدات.

کۆمەڵێک کرێکار کە بێ ئامێری بەرهەمهێنانن و لە کارگەدا کۆبوونەتەوە، کە کۆبوونەوەیەکی ڕێکەوتە، هەر یەکێک لەم کرێکارانە لە گۆشەیەکەوە هاتوون و خاوەنکار لەگەڵیان وەک تاک مامەڵە دەکات، نەک وەک کۆمەڵ، چونکە لەم جۆرە مامەڵەیەدا پێگەیەکی بەهێزتری دەبێت. خاوەنکار هەوڵدەدات کێبڕکێ لەنێوان کرێکاراندا دروست بکات یان سوود لە کێبڕکێی نێوانیان وەربگرێت؛ گرێبەستی جیاواز لەگەڵ هەر کرێکارێک ببەستێت و هتد. لەم بارودۆخەدا وەڵام یان بەرخۆدانی کرێکاران بە شێوەی سەندیکا دەردەکەوێت. واتە سەندیکا وەک فاکتەرێک دەردەکەوێت کە کێبڕکێ و خەباتی کرێکاران لەگەڵ یەکتردا ڕەتدەکاتەوە و ئەم خەبات و کێبڕکێیە دژی خاوەنکار ڕێکدەخات و چڕی دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پرۆسەی توندکردنەوەی قۆرخکارییە (بەهۆی گەشەکردنی بەرهەمهێنەری کار، قۆرخکردنی کاری ژنان و منداڵان کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گشتی ئاستی کرێ، درێژکردنەوەی کاتژمێرەکانی کاری ڕۆژانە بە شێوە و بیانووی جیاواز، کەمکردنەوەی ڕەهای کرێ بەتایبەتی لە بارودۆخی قەیران و بێکاریدا، سوود وەرگرتنی دڕندانە لە کاری هەرزانی کرێکارانی وڵاتە دواکەوتووەکان یان دانیشتوانی کرێکارانی کۆچبەر یان کرێکارانی "نایاسایی" کە ناچار دەکرێن کاری ڕەش بکەن، گەڕانەوەی دووبارە بۆ وەرشە خێزانییەکان لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکان و هتد) و ئەمەش بەرخۆدانی کرێکاران بەرامبەر خراپتربوونی زیاتری بارودۆخیان و بەرگری لە ئاستی کرێ و بارودۆخی گونجاوی کار و هتد هاندەدات و سەندیکا ئەم بەرخۆدان و بەرگرییە بە پلەی جیاواز دەگرێتە ئەستۆ یان دەتوانێت بیگرێتە ئەستۆ.

بەڵام کارکردی سەندیکا بەمە سنووردار نابێت، چونکە خەباتی چینی کرێکار تەنیا لایەنی بەرگری و خۆڕاگری نییە، بەڵکو هێرشبەرانەشە و دەشبێت وا بێت. بەم شێوەیە سەندیکا کە لێدانی دڵی لەگەڵ لێدانی بزووتنەوەی کرێکاری و دۆخی دەروونی کرێکاران هاوئاهەنگە (مەبەستمان ئەو سەندیکایانەیە کە خودی کرێکاران دروستیان کردووە) لە ئاستی بەرگری و خۆڕاگریدا ناوەستێت، لە ئاستی داواکارییە خێرا و ڕاستەوخۆکاندا نامێنێتەوە (لەگەڵ ئەوەی کە خەبات بۆ ئەم داواکارییانە هەرگیز پشتگوێ ناخات)، و بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی گەشەی بزووتنەوە و هاوسەنگی هێزەکان دەچێتە ناو خەباتی هێرشبەرانە و ئەم خەباتی هێرشبەرانەیە دەتوانێت و دەبێت تا ئاستی بەرزترین قۆناغ و شێوەکانی خەباتی چینی کرێکار فراوان و بەرز بێتەوە. ئەو ڕەوتانەی کە مەیلیان هەیە سەندیکا و خەباتە سەندیکاییەکانی چینی کرێکار لە بازنەی سنوورداری خەباتە ئابوورییەکان و لەوەش خراپتر لە بازنەی "خەباتە پیشەییەکان"دا سنووردار بکەن، بە ویست یان بێ ویست لە بەردەم گەشەکردنی خەباتی کرێکاراندا لەمپەر دروست دەکەن، ئامانجەکانی سەندیکا دادەبەزێنن و زیان بە کاریگەری و تیژییەکەی دەگەیەنن. مەیلی ڕاستڕەوی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و هەندێک لە مەیلی "چەپ" سەندیکا بە ڕێکخراوێکی پیشەیی کرێکاران بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووری ئەندامانی سەندیکا و لە باشترین حاڵەتدا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی پیشەیەک دەزانن. پێناسەی سەندیکا لە ڕوانگەی ئێمەوە وەک ڕێکخراوێکی پیشەیی کارمەندانی یەک پیشە یان سنفێک پەیوەندی بە قۆناغی پێش سەندیکای مۆدێرن یان سەرەتای قۆناغی پێکهێنانی سەندیکاوە هەیە. ئەو قۆناغەی کە بەرهەمهێنانی کارگەیی زۆر گەشەی نەکردبوو و لە زۆر حاڵەتدا ڕیزەکانی کرێکاران و پیشەوەران تێکەڵ ببوون. بە گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی کارگەیی، لەناوچوون یان تێکەڵبوونی زۆرێک لە پیشەکان لە پیشەسازییە گەورەکاندا (لەناوچوون یان لاوازبوونی بەرهەمهێنانی پیشەیی و مانۆفاکتۆر [کارگەیی] لە بەرژەوەندی کارگەدا)، تەنانەت تێکەڵبوونی پیشەسازییەکان لە یەکتردا (بۆ نموونە، تێکەڵبوونی ڕستن و چنین کە لە یەکتری جیا بوون، یان پیشەسازییەکانی وەک پترۆکیمیا یان ئۆتۆمبێلسازی کە زۆرێک لە پیشەکان لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە، یان دروستبوونی ترەست و کۆنسێرنەکان کە یەک یان چەند ڕشتێکی پیشەسازی بە شێوەیەکی ئۆرگانیک پێکەوە دەبەستنەوە و هتد) و لە هەمان کاتدا جیاکردنەوەی ڕیزەکانی کرێکارانی مووچەخۆر لە پیشەوەران و پیشەسازە بچووکەکان، هەروەها جیاکردنەوەی ڕیزەکانی کرێکارانی کشتوکاڵ لە جووتیارانی خاوەن زەویی بچووک بەهۆی گەشەسەندنی خەباتی چینایەتییەوە، چەمکی، شێوە و پێناسەی سەندیکا دەبوو بگۆڕدرێت و گۆڕدرا.

پێشڕەوانانی بزووتنەوەی کرێکاری لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەندیکایان وەک ڕێکخراوی کرێکارانی مووچەخۆر لە پیشەسازییەک یان بواری خزمەتگوزارییەکدا (نەک پیشەیەک یان سنفێک) پێناسە دەکرد، و کۆمینتێرنیش هەر بەم شێوەیە پێناسەی سەندیکای خستەڕوو. دەبێت سەرنج بدەین کە مەبەست لە پیشەسازی لێرەدا پیشەسازی گەورەی مۆدێرن و بە گشتی دامەزراوە گەورەکانی بەرهەمهێنان، خزمەتگوزاری و کشتوکاڵە (چ قازانجبەخش بن یان "ناقازانجبەخش") کە کرێکارانی (دەستی یان فیکری) مووچەخۆریان دامەزراندووە. یەکەی سەرەکی سەندیکا لەم دیدگایەدا کارگە یان وۆرک شۆپە لە ڕشتەیەکی پیشەسازی یان یەکەیەکی هاوشێوە لە ڕشتە خزمەتگوزارییەکاندا، کە لە پەیوەندیدا لەگەڵ سەندیکا سەرەتاییەکانی دیکە لە هەمان پیشەسازی یان ڕشتەی خزمەتگوزاری لە ناوچە جیاوازەکاندا، سەندیکای سەراسەری کرێکارانی ئەو پیشەسازی یان ڕشتەی خزمەتگوزارییە (یان فیدراسیۆنی سەندیکاکانی ئەو پیشەسازی یان ڕشتەی خزمەتگوزارییە) پێکدەهێنن. بە هەمان شێوە لە یەکگرتنی فیدراسیۆنە جیاوازەکاندا کۆنفیدراسیۆنی سەندیکاکانی کرێکارانی مووچەخۆر (لە پیشەسازی، کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییەکان) دەتوانێت دروست بێت. ساختاری سەندیکای کرێکارانی کۆمپانیای گواستنەوەی شارەکان، هەمان ساختاری سەندیکای پیشەسازییە (نەک سەنفی یان پیشەیی) کە لە سەرەوە باسمان کرد، لە ڕاستیدا یەکەیەکی سەرەکییە لە سەندیکای سەراسەری کرێکارانی پیشەسازی گواستنەوەی شارەکان کە دەتوانێت دروست بێت. مەبەستی ئێمە لە "پیشەسازی" ئەو شێوە ڕێکخستنی کارەیە کە پیشە و پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێک یان خزمەتێکی دیاریکراو پێکەوە تێکەڵ دەکات.

سەندیکای کرێکارانی شۆفێری پاس تەنها شۆفێرانی تێدا نییە، بەڵکو "میکانیک، کرێکارانی کۆنترۆڵی هێڵەکان و کرێکارانی ئۆفیس و کارمەندانی پلە نزم (پلەی ١٣ و خوارتر) و کرێکارانی خزمەتگوزاری"یش دەگرێتەوە (پەیرەوی ناوخۆی سەندیکای کرێکارانی شۆفێری پاس). ئەم مامەڵەیە، کە یەکێتیی کرێکارانی پسپۆڕی و پیشەی جیاواز لە یەک پیشەسازیدا بەهێز دەکات، وادەکات کرێکاران بە تێپەڕبوونی کات بەسەر دیدگا تەسکە پیشەییەکانیاندا زاڵ بن و بیر لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆیان و هاوپیشەکانیان لە پیشە و پسپۆڕییە جیاوازەکاندا بکەنەوە، وەک کرێکارانێک کە بە دیلی کرێ دەژین، یان لانیکەم ئامادەیی ئەوەیان هەبێت کە بیر لەو جۆرە بیرکردنەوەیەک بکەنەوە. خاڵێکی گرنگی دیکە سەبارەت بە سەندیکای کرێکارانی شۆفێری پاس ئەوەیە کە جەخت لەسەر کرێکاربوونی خۆی دەکاتەوە، سەندیکای "کارمەندان" نییە (بەو مانایەی کە کادر و ناکادرەکان، فەرماندە و فەرمانبەرەکان پێکەوە بگرێتەوە). ئەم بەندەی پەیرەوی ناوخۆی سەندیکای کرێکارانی شۆفێری پاس، ڕیزی کرێکاران لەو کەسانە جیا دەکاتەوە کە فەرماندەیی کرێکاران دەکەن، چاودێری پۆلیسییان بەسەرەوە هەیە و ئەرکیان زیادکردنی کار و چەوساندنەوەی کرێکارانە، یان خاوەنی کارەکانی ڕەمزی و ڕیکلامین بە داهاتی زۆر لەسەر حسابی کەسانی دیکە، و مافی ئەوەیشی هەیە کە جیایان بکاتەوە، وەک فەروخی یەزدی دەڵێت: ئەم دوو ڕیزە دەبێت بە تەواوی لە یەک جیا بکرێنەوە! کرێکارانی شۆفێری پاس لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆیان و ڕەنگە بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەزموونی کرێکارانی وڵاتانی دیکە، گەیشتوونەتە ئەم شێوازە پێشکەوتووە کە دەبێت پیرۆزباییان لێ بکرێت.

سەندیکای کرێکارانی شۆفێری پاس لە ڕووی پێکهاتەی نوێ و شێوازی مامەڵەکردن لە پێکهاتەی سەندیکاکەیدا پێشکەوتووە، بەڵام لە ڕووی ئامانجەکان و داڕشتنیانەوە – وەک لە بەشی ئامانجەکانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان ئاماژەمان پێدا – سنووردارە و فراوانبوونی دیدگاکەی لە بواری ئامانجەکاندا لە ئاستی فراوانبوونی دیدگای ڕێکخراوەییەکەیدا نییە. دەکرێت و پێویستە پێکهاتەی سەندیکای پیشەسازی بۆ پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانی دیکە وەک پیشەسازییەکانی توانەوە و دەرهێنانی کانزا، نەوت و پترۆکیمیایی، ئامێر سازی، پیشەسازی قوماش، پێڵاو و پۆشاک، پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک، دروستکردنی خواردنەوە و تووتن، پیشەسازی بیناسازی، کانزاکان، کارەبا و ئەلیکترۆنی، گەیاندن، پۆست، گواستنەوەی شار و ناوچەیی و نێودەوڵەتی، پەروەردە و توێژینەوە، خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانە و تەندروستی، خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، پیشەسازی بڵاوکردنەوە و چاپ، پیشەسازی پاکەتکردن، یەکە گەورەکانی کشتوکاڵ، ڕاوکردن، ئاژەڵداری و دارستان، بانکەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان و هتد پەرەی پێبدرێت. دەبێت سەرنج بدرێت کە ڕێکخراوی سەندیکایی بەپێی پیشەسازی (بەو پێناسەیەی کە لەسەرەوە درا) کرێکارانی سەرقاڵ لە یەکە بچووکەکان یان پیشەییەکان پشتگوێ ناخات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم دەرفەتە دروست دەکات کە کرێکارانی بەکرێگیراوی دامەزراوە مامناوەند و بچووکەکان یان پیشەییەکان یان ڕێکخراوەکانیان پەیوەندی بە فیدراسیۆنەکانی پیشەسازییەکانی خۆیانەوە بکەن و لە خەباتەکانیاندا خاوەنی هێز و قورسایی زیاتر بن.

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:**

**توانا محەممەد نوری**

**درێژەی هەیە**

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## پرسی ئازادی بیروڕا لە کوردستان هاوڕێ کاوە عومەر وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە

**بەڕێز کاوە عومەر ئەندامی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق وەڵامی پرسی ئازادی داینەوە.**




پرسی ڕۆژ: پرسی ئازادی بیروڕا لەکوردستان.

پرسی ئازادی پرسێکی لەمێژینەی مرۆڤایەتیە وخەڵکی کوردستانیش لەحکومەتەکانی پێشووی عێراقدا کێشەی زۆریان لەگەڵی هەبووە، وقوربانی وگیانفیدایی زۆری لەپێناویداکراوە. هەلومەرجی راپەڕینی ١٩٩١ وهاتنەکایەوەی حکومەتی هەرێم وئومێدێکی زۆری خەڵکی کوردستان بەو حکومەتە ئەوە بوو کەئەو ئازادیەی بۆفەراهەم بکات. بەڵام بەپێی تەجروبەی ٣٠ی ساڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پرسە رۆژ بەرۆژ لەپاشەکشەدایە، وسەرکوت وترسوتۆقاندن تادەگاتە زیندانی و تاوانبارکردن وتۆمەت هەڵبەستن وکوشتن دەڕوات. دوای ٣١ی ئاب ولەتبوونی کوردستان بۆزۆنی سەوز وزەرد، واناوزەد دەکرا کە زۆنی سەوز کەمێک ئازادی تێدا بەدی دەکرێت لەزۆنەکەی تر زیاتر خەڵک دەتوانێت رایخۆی دەربڕێت بەشێوە جیاجیاکان. هەرچەند ئەوە رۆشنبوو کە هەردووزۆن منداڵی یەک خیزانن وهەمان سیفەتی پاراستنی دەسەڵاتیان هەیە، وجگە لەخۆیان رێگە بەهیچ لایەن ورایەکی دیکە نادەن. ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ڕێگریکردن لەخۆپیشاندان، وپێچانەوەی مانگرتن وخۆپیشاندان وگرتنی چالاکوانان وسەرۆک حزب وکوتلە سیاسیەکان وتەقەکردن لەچالاکوانی نارازی ...تاد لەزۆنی سەوز ، ئاماژەی گۆڕانکارین لەپرسی ئازادی.

پرسی رۆژ: ئایا ئازادی بەگشتی ووەستانەوە ونارازیبوون بەرامبەر ئەم دووهێزەی کوردستان کەدەسەڵاتیان بەدەستەوەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن وبەرەوکوێ دەڕوات؟

کاوە عومەر: سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە.

سەرەتا ئەوە بڵێم کە ئەم بابەتە قسە زۆر هەڵدەگرێت، نازسیۆنالیزم بەگشتی وبەتایبەتیش یەکێتی وپارتی؛ هیچ کاتێک باوەڕیان بە ئازادی دەربڕینی بیروڕا وقبوڵکردنی جیاوازی بیروڕاو ڕەخنە گرتن وململانێی سیاسی لە ڕێگەی ڕەخنەو بەرەوپێش بردنی ئەو ڕەخنەو جیاوازیانە لە ڕێگەی خەباتی ڕێکخراوەیی وجەماوەریەوە نەبووە. هەمیشە هەوڵیانداوە کە حزبی قائیدو بێ منافس بن.

تا ئەوجێگەی کەبە ناڕەزایەتیەکان و وەستانەوە بەرانبەر بەو هێرشانەی کە لەلایەن دەسەڵات و هێزە کۆنەپەرستەکانەوە دەکرێتە سەر ئازادی ڕادەربڕین.

ڕاستیەکەی هەتا ئێستا دڵخۆشکەر نین ولە ڕووی کۆمەڵایەتی وجەماوەریەوە ئاستێکی زۆر نزمیان هەیە. بەدڵنیاییەوە هەمیشە ناڕەزایەتی هەبووە، هەندێک لە کەسایەتی وئەحزابی سیاسی بەتایبەتی کۆمۆنیست وچەپەکان هەمیشە لەمەیداندا بوون. بەڵام یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە کە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی وبەرگریکاران لەئازادی لە ئاستی بەرگریدان، وئەوە دەسەڵات وهێزە



کۆنەپارێزەکانن کەبەردەوام لە هێرشدان بۆسەر ئازادی ومافەکانی خەڵک.

بەڕای من تەنانەت لەئاستی بەرگریشدا لاوازین. هەربۆیە بۆ ئەوەی پاشەکشە بەدەسەڵات بکەین دەبێت ئاستی بەرگری لەئازادی بگۆڕین بە هێرش بۆ بەدەست هێنانی ئازادی زیاترو چەسپاندنی ئازادی بێ کۆت ومەرجی بیروڕا. ئەوەش بە کۆبونەوەی هەرچی زیاتری ئازادیخوازان لەدەوری یەکتری وبەڕێکخستنی کۆڕو سیمینارات ودیبەتی بەردەوام وفراوان لەئاستی کۆمەڵگەدا دەچێتە پێشەوە.

**دوبارە سوپاس**

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامرازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامرازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەندارێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی. خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئالا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.

بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام باڵادەستی و کۆنترۆڵی فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا لە ڕووی مەودا و قووڵیەوە بێوێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازیە مەزنەکانی دووسەد ساڵی ڕابردووو میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کەلتووری بەزاندووە، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە بەردەستی بۆرژوازی بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرەنسیپ و بیروباوەڕە خورافیەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا. لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی هزرو بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خوڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لە دژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێشومارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لە شێوازە ئەدەبی و هونەریەکان، گۆڕانکاری لە میدیا بیستراو و بینراو و کۆمپیوتەریەکان و لە پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی کەلتووریدا ڕوویداوە، لە پلەی یەکەمدا، بووەتە مایەی بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵک بە بیروباوەڕە بۆرژواییەکان، لە شکڵ و شێوەی کاریگەرتر و ئاڵۆزتر و هەمەڕەنگتردا.

خەبات لە دژی بیروباوەڕ و دید و بۆچوون و ئەخلاقییاتی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە، لایەنێکی هەمیشەیی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەرکێکی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بووە.



# دیواری سایکۆلۆژی

**نووسینی: هاوڕێ نەهرۆ**

کۆمەڵگە پڕو تەژییە لە دیوارەکانی سایکۆلۆژی، وەک ئاشکرایە دیوارە سایکۆلۆژییەکان بنج و بنەمای زانستی یی هەیە، لەرووی زانستی فیزیاوی یەوە دیواری سایکۆلۆژی بریتی یە لە شەپۆلی کهرومۆگناتیسی لە گەردوون دا، وەک زانست سەڵماندویەتی حەوت جۆرو بەشی شەپۆلی موگناتیسی هەیە، لەوانە شەپۆلی ڕادیویی کە درێژایی شەپۆلی بەرفراوانە فرینکوینسی یی نزمە، ئیدی هەڵدەکشێ لەگەڵ شەپۆلی مایکروڤ و شەپۆلی لە ژێرەوەی قرمزی هەروا شەپۆلەکانی مەودای ئاسایی بینینی چاو دواتر شەپۆلی تیشکی سەرەوەی وەنەوشەیی لەگەڵ شەپۆلی ئێکس و شەپۆلی گاما. شایانی باسە درێژایی شەپۆلی تیشکی بینینی ئاسایی چاو لە ٣٨٠ تاوەکو ٧٨٠ نانو میترە، وەک ئاشکرایە چاو لەسەرەوەی ئەو ژمارەیە یان لە خوارەوەی ئەو ژمارەیە نابینی، مندالٚ کە لە دایک ئەبێ وەک نووسەرێکی نەرویجی بە نێوی یوستین گاردەر دەڵێ، ئاژەڵ ئاژەڵی دەبێ، بەڵام مرۆڤ مرۆڤی نابێ، لێرەدا مەبەستی لە واتای مرۆڤ، مروڤی هوشیارە، مرۆڤێک ئاگایی و فریکوینسی یی لەسەرەوە بێت، بێگومان لە پڕێکدا ئاگایی نایەتەکایەوە، دەماو دەست فریکوینسی ناچێتە سەرەوە.

مندالٚ کە لە دایک دەبێ ناوی خۆی و یادەوەریی دەنرێ ئیدی دەکەوێتە نێو گێژاوی شەپۆلی موگناتیسی جۆراوجورەوە، دەبێ هەر لەسەرەتای تەمەنەوە کێشمەکێش بکا چ لە رووی فێربوونی زمانی دایکەوە بگرە تا ئاشنا بوون بە وانەکانی خوێندن لە قوتابخانە، لێرەدا دەبێ بڵێن هەر لەسەرەتای تەمەنەوە پروسەی ژیان، جەنگ و خەبات و تێکۆشانە لە پێناوی ئەوەی لە کاروانی مەعریفە و زانست دوا نەکەوێ، دەبێ نەوەکانی ئێستا سوپاسی بێ پایانی دەسەڵاتی زانست بکەن لە قوتابخانە مەبەست سوپاسی نەوەکانی پێشوو بکەن لە بواری دانان و ڕێکخستنی زانست و مەعریفە، وەک دیارە شەونخونی زۆریان کردووە لە پێناو دانانی میتۆدی وانەکانی خوێندن بە پێ ئاستی تەمەن و هەمەجۆری وانەکان کە بەردی بناغەن بۆ ئایندەی کەسایەتی مرۆڤ.

لێرەدا ئەوە بیر خەینەوە کە زانست دەسەڵاتە، منالٚ کەچووە قوتابخانە ساڵ لە دوای ساڵ دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتی مەعریفی، ئەم دەسەڵاتە ڕێگا خوشکەرە بۆ بڕینی دیوارە سایکۆلۆژیەکان، شایانی باسە دیوارە سایکۆلۆژیەکان زەمەن و شوێنیان هەیە، هەر یەکەیەکی شوێن و زەمەن (احداثیات) ی خۆی هەیە لە دیوی شاراوەی گەردوون کە لە مەودای چاو بەدەرە ئەو (احداثیات) انە بوونی هەیە هەر گوندو شارو کڵیساو مزگەوتێک (احداثیات)ی خۆی هەیە لە بارەی شوێن و زەمەنەوە، یادەوەرییەکانی ئەو دەڤەرە چەشنی توپەڵی میش هەنگ کە چۆن دەئاڵێن بە بنە دارێکەوە ئاوا یادەوەرییەکانی شوێنێکی دیاریکراو گەڕەکێکی دیاریکراو دەئاڵێن بەو (احداثیات) یانەوە کەوەک خاچێکی موگناتیسی وایە لە گەردوون دا. نهێنی گردبوونی یادەوەرییەکانی گەڕەکێکی دیاریکراو یان گوندێکی دیاریکراو بریتی یە لە فاکتەری فیزیاوی و کیمیاوی، نهێنی بایلۆژی و سایکۆلۆژی و سوسیولۆژی یە، ئەم یادەوەرییانە لە نێو کایەی زەمەن دا لە نزیک یەک و لە پاڵ یەکەوە پەیڕەوی لە پروسەی ژیان و زندگی دەکەن. لێرەدا دەگەڕێنەوە سەر مەعریفە کە دەسەڵاتە هەروا دیوارە سایکۆلۆژیەکانیش دەسەڵاتن، شەپۆلی کهرومۆگناتیسین، دەبێ مروڤ هەر لە منالٚی یەوە پەیتا، پەیتا ئەو ڕایەڵە ئاشکراو نهێنییانە ببڕێ، باجی وەدەست هێنانی مەعریفە بۆ بڕینی دیوارە سایکۆلۆژیەکان تەمەنی مرۆڤە، مرۆڤ هەتا زیاتر لە رووی تەمەنەوە هەڵکشێ زیاتر مەودای نهێنیەکان لە بەرچاوی فراوانتر ئەبێ، رۆژ لە دوای رۆژ وەک دەرکەوتنی پشتی ماسی لە رووبارەکان ئاوا سیمبولەکانی زانین و زانیاری لە نێو کاسەی یادەوەریی بە کۆمەڵ شەپۆل دەدەن و لەهەمان کاتدا بە پێ کات و شوێن لە یادەوەریی تاک دا بەرجەستە ئەبێ، هەر وەک ئەمیبا چۆن شکڵ و شێوەی خۆی ئەگۆڕێ ئەوا یادەوەریی بە کومەڵ هەر جارەو زانیاری و زانست ئەداتە یەکی لە یادەوەرییەکانی کە خەریتەکەی بەشێوەی نادیار لە نێو گەردوون دایە، هەر جارەو یادەوەرییەکی دیاریکراو ئەکاتە زمانحاڵی خۆی، بەڵام مرۆڤ هەتاکو فێری مەلەوانی ئەبێ لە نێو دەریای زانستی گەردوون زۆری پێ ئەچێ، دەبێ زۆر ڕایەڵ و دیواری سایکۆلۆژی ببڕی، دەبێ بزانین کە نووسین دەسەڵاتە، منالٚ کە نێوی لێ دەنێن، ناسنامەی بۆ دەرئەکەن بە واتای شوناسی دیاری ئەکەن، زانینی زمانی دایک بەرروونی و زمانەکانی دیکە باشترین چەک و شمشیرە بۆ بڕینی دیوارە سایکۆلۆژیەکان، قوتابخانە باشترین ئامرازی زانستی یە بۆ هەرەس پێهێنانی دیوارە سایکۆلۆژیەکان. منالٚ لەسەرەتای تەمەن بە ئاراستەی لە شوناسی تاکەوە بۆ شوناسی بە کۆمەڵ هەنگاو هەڵدێنێ، سەرەتای تەمەن، دیوارە سایکۆلۆژیەکان، بازنە سایکۆلۆژیەکان زۆرو بێ شومارن، بێگومان مرۆڤ لە سەرەتا دا لە بەرانبەر شوناسی بە کۆمەڵ دایە وەک شوناسی ئاینی، شوناسی نەتەوایەتی، شوناسی نێرو مێ هەروا لە بەرانبەر دام و دەزگای سوپا دایە کە لە دوای هەژدە ساڵی بەرەو سەرەوە یادەوەرییەکان تێکەڵ دەکەن، یادەوەرییەکان پەروەردە دەکەن، بەهای ئازایەتی و دەست بڵاوی ونیشتمان دوستی لە نێو یادەوەرییەکاندا دەچێنن، لێرەدا دەتوانین بڵێن دەزگاکان وەک قوتابخانەو سوپاو دواتر پارتە سیاسیەکان پەیامی یەکتر تەواو دەکەن، دەستاو دەست بە یادەوەریی مرۆڤەکان دەکەن وەک ئەمانەتی مرۆیی هەتا پێیان دەگەیەنن. لەڕاستی دا ئەرکی هەر یەک لەو دەزگایانە پەروەردە کردنی یادەوەریی ئینسانە هەتا بتوانێ دیوارە سایکۆلۆژیەکان بروخێنێ.

سەرەتای تەمەن دیوارە سایکۆلۆژیەکان چەشنی بەستەڵەکی چیاکانی کوێستان بەستوویەتی تا وەکو لە بەرانبەر تیشکی خۆری گەرمی ئاگایی پەیتا پەیتا دەتوێتەوە. لەڕاستی دا سیاسەتی ڕژێمی پێشووی ئیراق کە خۆی لە سیاسەتی (تهجیرو تعریب و تبعیث) بەرجەستە ئەبوو، ئەم سیاسەتە ئەگەر هەڵسەنگاندنی بێلایەنەی بۆ بکرێ ئەوە دیوێکی نەگێتڤە و توانەوەی شوناسی میللەتی کوردە، بەڵام بە دیوێکی دیکە پۆزەتیڤ بوو لە ڕاستی دا ئەو پرۆسانە هەرەس پێهێنانی دیوارە سایکۆلۆژیەکان بوو، بەشارستانی کردنی کۆمەڵگە بوو، ڕاگوستنەکە لە گوندەوە بوو بەرەو شار یان بە عەرەب کردن یان بە بەعسی کردن پێگەیاندنی یادەوەریی کەسایەتی مرۆڤ بوو، دوور لە سیاسەت و رق و کینە، پەروەردەی بەعس لە ساڵانی سەرەتا دا، پەروەردەیەکی مۆدرین بوو، پارتی بەعس ئەو سەردەمە لە لایەن دەسەڵاتی جیهانی یەوە دانی پیا نرا بوو، دەسەڵاتێکی ئورگانیکی و دەزگایی بوو هەر کەس بۆ خۆی نەبوو وێڕای کەم کوڕییەکانیان کە بێ شومارن!

بڕینی دیوارە سایکۆلۆژیەکان بۆ ئەوەیە تاوەکو ئینسان بگاتە ئاستی ئاگایی ئەستاندار، ئاگایی سوپەر پاوەر، ئاگایی فریکوینسی باڵا، بێگومان سروشت و گەردوون ئاوەزو ئەقڵی هەیە وەکو (دیشلی) گەورەو بچوک، دەبێ مرۆڤ هەوڵ بدا (دیشلی) یەکانی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ (دیشلی) یەکانی ماشینە گەورەکەی گەردوون و سروشت کە وەک ئامێرێکی ئەوتۆماتیکی گەورە ئیش دەکا، پشت بەستوو بە کۆمەڵی یاسای زانستی و لۆژیکی. کاتێ مرۆڤ لە رووی ئاگاییەوە، فریکوینسی هوشیاریی سەرکەوت (بە فارسی دەبێتە ارتعاشات ذهنی) درک بە تێکڕای نهێنیەکانی گەردوون و سروشت دەکا، بەو پێیە ترپەی دڵی لەگەڵ ترپەی دڵە گەورەکەی گەردوون ڕێک دەخا و دەگونجێنێ ئیدی ئەو دەمە دیوارە سایکۆلۆژیەکان وەک شێرە بەفرینەی بەرهەتاو هەرەس دەهێنێ لەم کات و ساتەدا مرۆڤ بە ئاسودەیی هەنگاو هەڵدەهێنێ و خۆی لە نێو شوناسی هەمەجۆرەی بە کۆمەڵ ئەدۆزێتەوە، کە بە زمانی دڵ لەگەڵ دەوروبەردا قسە دەکا، ئیدی چاویلکەی خوشەویستی و میهرەبانی لە چاو دەکا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ سەیری ژینگەو کۆمەڵگە بە گشتی دەکا! لەم ساتەوەختەدا ئینسان دەبێتە ناوەندی گەردوون، بەشیوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی لەگەڵ (احداثیات) ی زەمەن شوێن دا یەکانگیرە، هەروەک شاعیر و موتەسەوف جەلال دین رومی دەڵێت، ئەگەر رۆشنایی لە دەورو بەرت نەبوو، ئەگەر هەموو مۆمەکان کوژابوونەوە، دەوروبەرت تێکڕا تاریکی بوو ئیدی بڕوانە ناخی خۆت لەوانەیە رۆشنایی مۆمەکە لە ناخی خۆت دایە یان خۆت لە ناخی خۆت بە هوشیاری خۆت مۆمێک پێ بکە! بەڵێ بۆ ناوەندگەرایی ئینسان لە فەلەکی گەردوون دا، هەر وەک ئەفلاتۆن لە کۆمارەکەی باسی دەکا بە دیوێک تێکڕای مرۆڤەکان دەبێ شاعیر بن، کرێکار، جووتیار، بازرگان، سەرباز، پاسەوان، دەبێ تێکڕا ئاشنای جوانی و ئیستاتیکای ژیان بن چجا شیوعییەک یان کۆمونیستێک دەبێ لە هەموو خەڵک زیاتر ئاشنای جواناسی بن، یادەوەرییان ئاوێتە بێت لەگەڵ ڕیتم و ئاوازی شیعر، دەبێ تێکڕای مرۆڤەکان هەر یەکەو شارەزای نوتەی موسیقا بێت کە زمان و روحی گەردوونە، شارەزایی ژەنینی ئامێرێک بێت و ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی ئەنتەرناسیونالی لە هەمان کات دا میللەت و نەتەوەو زمان و کەلتووری خۆی خۆش بوێت.


۲۰۲۵ / ۹ / ۱۳

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕێبوار حەمە شەریف

# کاریگەریە نەرێنیەکانی زیرەکی دەستکرد لەسەر هونەری گۆرانی ومۆزیکا



نووسینی: نەجم محەمەد

زیرەکی دەسکرد – Artificial Intelligence) (AIکاریگەری ئەرێنی لەسەرسەرجەم هونەرەکان هەیە, بەتایبەتی لەسەر هونەری گۆرانی و مۆزیکا کەبابەتەکەی من لەسەر هونەری گۆرانی ومۆزیکایە, بەڵام لەگەڵ ئەم کاریگەرییە ئەرێنییانەشدا، چەندین کاریگەری نەرێنیشی هەیە کەسەرەکیترین کاریگەری نەرێنی کوشتنی چێژو هەستی مرۆیی یە لەگۆرانی ومۆزیکادا کە چێژوهەستێکی بێ گیانی وشک ئامێری دەداتە مۆزیکاو ئەدای گۆرانی یەکە. دیارە گۆرانی و مۆزیکای مرۆڤ زیاتر خاوەن هەست و دەروونێکی تایبەتە، بەڵام مۆزیکای ئەی ئای زۆرجار پڕۆفیلێکی گشتی و بێ هەست دروست دەکات.

یەکێکی تر لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی تری ئەی ئای کەمبوونەوەی کاری مرۆڤ لە هونەری گۆرانی ومۆزیکادا ئامێرەکانی ئەی ئای دەتوانن گۆرانی و مۆزیک بەخێرایی و بە نرخێکی کەم بەرهەم بهێنن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داواکاری بۆگۆرانیبێژو مۆزیکاژەن و ئاوازدانەرە مرۆییەکان، بەمەش هونەرمەندەکان دەکرێت ئەرکیان کەم بێتەوە یان بێکار بکرێن، بەهۆی بەرهەمهێنانی گۆرانی و مۆزیکای ئەی ئایەوە.

یەکێکی تر لە کاریگەریە نەرێنیەکان کەمبوونەوە جیاوازی و دەستکردی هونەری مۆزیکای دروستکراو بە ئەی ئای زۆرجار کۆپی یان تێکەڵەیەک لە مۆزیکای ترە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی داهێنان و جیاوازی و نوێیی لە هونەری مۆزیکا.

هەروەها کێشەی مافی خاوەندارێتی و کۆپیراێت دروست دەکات و دەتوانێت مۆزیک و گۆرانی دروست بکات لەسەر بنەمای کاری هونەرمەندانی تر کە ئەمەش دەبێتە هۆی مشتومڕ لەسەر مافی خاوەندارێتی کە زۆرجار نادیارە کە ئایا گۆرانی و مۆزیکایەکی دروستکراو AIخاوەندارێتی کێیە و چۆن دەتوانرێت ئەو کارە لێک جیا بکرێتەوە.

کۆمپانیا گەورەکان دەتوانن بە بەکارهێنانی AI مۆزیکای زۆر بە نرخێکی هەرزان بەرهەم بهێنن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی قەرەبووکردنەوەی پیشەسازی مۆزیکا لەلایەن کۆمپانیاکانی گەورەوە، بەمەش هونەرمەند دەکر□ نەتوانێ ڕکابەری لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئەی ئایدا بکەن.

گۆرانی و مۆزیکای AIدەکرێت پەیوەندی هونەرمەند و بیسەروبینەر لاوازوکاڵ بکات، چونکە بیسەروبینەر دەزانێت کە گۆرانییەکە لەلایەن ئامێرێکەوە دروست کراوە، نەک مرۆڤێکی ڕاستەقینە وهیچ هەست وچێژێکی لا جێ ناهێڵێت، چونکە ئەوهەست و پەیوەندی ئەندامیی کە لە نێوان هونەرمەند و ئامێرە موزیکیەکان وخەڵکیدا هەیە، لەگەڵ مۆزیکای ئەی ئایدا نییە، ئەمەش بەهاوهەستی مرۆیی کاڵ وپەراوێز دەکات

یەکێک لەکاریگەرییە نەرێنیەکانی تری زیرەکی دەسکرد مەترسی لەناوچوونی کلتوری مۆزیکاییە – AIدەتوانێت مۆزیکای جیهانی بە شێوازێکی گشتی... دروست بکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی کلتور و شێوازی مۆزیکای ناوخۆیی مۆزیکای ئەرینی و ڕەسەن دەکرێت لە ناو بچن، چونکە خەڵک زیاتر مۆزیکای گشتی دەبیستێ زۆرێک لە مۆزیکای دروستکراوی AIکوالیتی و قووڵی مۆزیکای مرۆڤیان نییە، چونکە تەنها لەسەر بنەمای داتا و ئەلگۆریتم کار دەکەن و کەموکوڕی هەیە لە ڕێکخستن و هەستی مۆزیکای و هەستێکی ئامیری دەبەخشێ، نەک مرۆیی.

لە کۆتاییدا، سەرەڕای ئەو سوودانەی زیرەکی دەسکرد بۆ پیشەسازی گۆرانی ومۆزیکای هەیە، پێویستە کاریگەرییە نەرێنیەکانیشی بەرچاو بگیرێن و ڕێگایەکی هاوسەنگ بۆ بەکارهێنانی ئەی ئای لە هونەری مۆزیکا بدۆزرێتەوە.

********

# سەردەمی جوانییەکان بەسەرچوو!



بەشێک لە ژنان و زۆرینەیەکی ڕەها لە کچانی ئەمڕۆ، بۆ بەرکەوتن و دەست لێدان نابن، چونکە دەستبردن بۆ میزەڵان چەند پڕ هەست و بەچێژە بۆ ئەوانیش هەر ئەوەندە.

بە منالی هاوڕێیەکم هەبوو ناوی نەوزاد بوو، سمێڵمان تازە گووگرە بوبوو، باوەڕ بفەرموون بە هەردووکمان قلێکمان هەبوو، ئەویش کچۆڵەیەکی ڕەقەڵە، قژلوولێکی ڕەشتاڵەی گرژومۆن، وەختێ ئەهاتە بەردەرگا هەردووکمان پەنجەمان ئەبرد بۆ سەرمان، قژمان بەرەو ژوور هەڵماندەدایەوە، یەعنی ها بە ئیشارەت پێتدەڵێم حەزم لێتە، جا ئەو ئیشارەت میشارەتەیش هەر نەوزاد فێری کردم، بەڵام نازانم ئەو کێ فێری کردبوو.. وەلحاڵ, مەبەستم ئەو جوانییانەیە کە سروشت بە مرۆڤی بەخشیون، ئەوێ ڕۆژێ بینینی ئەو کچە گرژە، کە هەموو جارێ لە بری خەندە و نیگاکردن خێسەی لێ ئەکردین، زۆر جوانتر و بەچێژتر بوو لە بزەو پێکەنین و نواندن و نازومەکری کچان و ژنانی ئەمڕۆ.

ئەوێ ڕۆژێ دەست و لێوەکان بەر گۆشت و خوێن و پێستی زیندوو دەکەوتن، لێ ئەوڕۆ بەر شتێکی تر دەکەون..

ئێستا لەترسی ئەوەی کاڵ نەبنەوە ناوێرین پەنجە لە برۆکان بخشێنین، لە ترسی ئەوەی بڕۆژڵە و عەدەسەکان نەکەونە خوارێ ناوێرین چاوەکان ماچ کەین، لە ترسی ئەوەی لە گرێژەنە دەرنەچێ و بەلایەکی تردا نەکەوێ ناوێرین پەنجە ببەین بۆ لووت، ناوێرین بە دوو پەنجە ڕوومەت بگوشین بۆئەوەی چرچولۆچ نەبن، بۆئەوەی ناودەممان پڕنەبێ لە لینجاوی فیلەر ناوێرین بە باشی لێوەکان بمژین، بۆ ئەوەی لەپی دەستەکانمان پڕنەبن لە سلیکۆن و نارنجۆک ئاسا نەتەقنەوە بە چڕوچاوماندا ناتوانین بە ئیشتیهای پەنجە مەمکان بگووشین..

ئەوجا ئیدی لەبەر پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی داناگەڕێم بەرەو خوار و ئەو شتانە، خوایە تەوبە.

سەردەمیی جوانییەکان بەسەرجوو، ئەرزشی تام نەما، هۆردووی شوشە دەستیگرت بەسەر بۆنی سروشتی مرۆڤدا، شکۆی بەرکەوتن شکا، میزەڵان جێی بە پێست لێژکرد، قەیرانی دەرکەوتنی خەت و خاڵ و ویقارە ئەمڕۆ، جەستەکان پڕ بوون لە نایلۆن و... زۆر شتی تریش، بەڵام ئەوەندە بەسە.

جا چەند جوان و شیرینن ئەو مرۆڤانەی بە بەشی سروشت ڕازین و دەستی وەستا و کرێکارەکانی جوانکاریی بەریان نەکەوتووە.

ئارام حەسەن

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



که مێژوو
خۆری تیا کوژرا
چی دەبینرێ؟
.. جیهانێک
و
گەمژە و
مشتێ لە تلیاک سەوز
دەبێ !
سەرت لە هیچ سوڕ
نەمێنێ...
کە لەوێ
سیاسەت بێ دایک و باوک
و
تفی دەم ڕشانەوەی
چەند دێڕێک و
درۆ
"ڕستەکانیان "
زنجیر و پەت بۆ سێدارەی
هەژارانبن.

لەو دەمەیدا
خۆر دەکوژرێ .
دەست و پەنجەی کۆێلە و
قەڵەم
سێبەر و بن دیوار و،
ڕاستە عەجەم
وەکو حەربا ڕەنگۆڕێکن
دەسە دەسە بایدەدەنەوە
کۆ کۆیلە، سەرجەم!

لەگەڵ ئەوەش

دیواخانی چا خانەیەک ،
دەمژمێرێ ...
هەر بۆ مێژوو... بێدەنگ
دەبێ
وس بێ وەڵام،

لەو ساتەدا
شارێک ،
هەر لە خەوی قوڵیا
دەنێژرێت .
ڕستەو کتێب،
گشت هەڵدەفڕن
سەرژمێری...
لیستی مردن دەسوتێنرێ
ئەوەی ئێستا :
کە ماوە ڕەوشتێکە و
کەلاوەیەک،
هەر بە رووتی ...
پێناسەی شەقامێک و
کۆمەڵێ لاکی سووتاوە
بە جێماوە .

شاخ و دوکەڵ
نیشتمانێ،
جێ و پێی ..
دوێنێ پێشمەرگەیە و
هەڵدێن...
نالی ئاسا
چیتر بە نیشتیمانی
گەردەلولێکدا تا هەتایە
نایەن.

**ڕێبوارحەمەشەریف**



گۆشە ونەکان

سڵاو هاوڕێ

ئەم بەیانیە بەشەقامی وت
ڕێ بدە ئەو خانمە سەرخەوێك
لەسەر شۆستەکان بشکێنێ ماندوی
هەمو کارە لەدەستی دراوەکانە .

ژینی مشتێ شوشەی شکاوە .
لەسەر دڵی شەقام .
باتەمەنی کۆکاتەوە،

هەرچەند چۆن دەست بەرێ،
پەنجەکانی پڕ خوێن ئەبێ .
تورەیە ئەگەر تۆقێ تفی تێکردی زویر مەبە .

ئەو هەمو پیرۆزیەکانی خۆی،
لەبەر برسێتی فرۆشت .
هیچ نەماوە لەدەستی با تکایە زویر مەبە.


هاوڕێ تۆ ئاگاداری،
لەم سنورە داخراوەی ئێمەدا چ ئەگوزەرێ

....................

**سەلام سەعید**

# حیزبییەت و کۆمۆنیزم: گەشتێك بە دیدگای مارکس، لینین و مەنسوور حیکمەت

نووسینی: توانا محەمەد نوری



"کۆمۆنیستەکان حیزبێکی تایبەت لە بەرامبەر حیزبە کرێکارییەکانی تردا پێك ناهێنن. ئەوان بەرژەوەندییەکانیان جیا نییە لە بەرژەوەندییەکانی هەموو کرێکاران. ئەوان بنەمای تایفی تایبەت بە خۆیان دانانێن کە بیانەوێت بزووتنەوەی کرێکاری بەپێی ئەوان دارێژن. کۆمۆنیستەکان لە حیزبە پرۆلیتارییەکانی تر جیاوازن تەنها لەوەدا کە، لە لایەکەوە، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەموو کرێکاران، بەبێ گوێدانە نەتەوەییەت، لە خەباتە نەتەوەییە جیاوازەکانی پرۆلیتارییەکاندا دەردەبڕن و پێشکەشی دەکەن؛ و لە لایەکی ترەوە، لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەسەندن کە خەباتی نێوان کرێکاران و بۆرژوازی تێیدا تێدەپەڕێت، هەمیشە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەکە بە گشتی دەکەن". کارل مارکس

حیزبییەت چەمکێکی ناوەند و گرنگە لە بیری کۆمۆنیزمدا، کە هیوا و ئامانجەکانی چینی کرێکار بۆ رزگاری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بێ چەوسانەوەی تێدا بەرجەستە دەبێت. بە درێژایی مێژوو، بیرمەندە دیارەکانی کۆمۆنیزم دیدگای جیاوازیان لەسەر رۆڵ و سروشتی حیزب و چۆنیەتی بەشداریکردنی لە بەدیهێنانی ئامانجە شۆڕشگێڕییەکان پێشکەش کردووە. ئەم وتارە لە دیدگاکان قووڵ دەبێتەوە و لە شیکارییە جیاوازەکانیان لەسەر رۆڵی حیزب لە رابەرایەتیکردنی کرێکاران بەرەو کۆمۆنیزم، بە تایبەتیش جەخت لەسەر چەمکی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" دەکاتەوە کە مەنسوور حیکمەت پەرەی پێداوە. ئامانجی ئەم وتارە خستنەرووی گەشەسەندنی فیکری چەمکی حیزبە لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمدا و چۆنیەتی خۆگونجاندنی ئەم دیدگایانە لەگەڵ ئاڵنگارییە مێژووییە جیاوازەکان، هەتا گەیشتن بە بانگەواز بۆ حیزبێکی کرێکاری رادیکال و سەربەخۆ.

کارل مارکس، بە هاوبەشی لەگەڵ فریدریک ئەنگڵس، تیۆرییەکی وردی لەسەر حیزبی سیاسی بە واتای نوێ پێشکەش نەکردووە، بەڵام نووسینەکانیان، بەتایبەت "مانیفێستی کۆمۆنیست"، دیدگای ئەوان بۆ رۆڵی کۆمۆنیستەکان لە خەباتی چینایەتیدا روون دەکاتەوە. بۆ مارکس، حیزب لەناو خودی خەباتی چینایەتیدا سەرهەڵدەدات و وەک دەربڕینێکی رێکخراوی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران خزمەت دەکات. مارکس حیزبی وەک قەوارەیەکی جیاواز لە چینی کرێکار وێنا نەکردووە، بەڵکو وەک بەشێکی ئەندامی لێی، کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی کرێکاران بە بەرژەوەندییە مێژووییەکانیان دەکات.

لە "مانیفێستی کۆمۆنیست"دا، مارکس و ئەنگڵس هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان لە حیزبە کرێکارییە هەمیشەییەکان روون دەکەنەوە:

"کۆمۆنیستەکان حیزبێکی تایبەت لە بەرامبەر حیزبە کرێکارییەکانی تردا پێک ناهێنن. ئەوان بەرژەوەندییەکانیان جیا نییە لە بەرژەوەندییەکانی هەموو کرێکاران. ئەوان بنەمای تایفی تایبەت بە خۆیان دانانێن کە بیانەوێت بزووتنەوەی کرێکاری بەپێی ئەوان دارێژن. کۆمۆنیستەکان لە حیزبە پرۆلیتارییەکانی تر جیاوازن تەنها لەوەدا کە، لە لایەکەوە، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەموو کرێکاران، بەبێ گوێدانە نەتەوەییەت، لە خەباتە نەتەوەییە جیاوازەکانی پرۆلیتارییەکاندا دەردەبڕن و پێشکەشی دەکەن؛ و لە لایەکی ترەوە، لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەسەندن کە خەباتی نێوان کرێکاران و بۆرژوازی تێیدا تێدەپەڕێت، هەمیشە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەکە بە گشتی دەکەن".

ئەم وەسفە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمۆنیستەکان، بە دیدی مارکس، پێشەنگی هۆشیاری چینی کرێکارن، کە رێڕەوی مێژوویی خەباتی چینایەتی تێدەگەن و کار لەسەر ئاراستەکردنی کرێکاران دەکەن بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە کۆتاییەکانی. ئەوان بەرژەوەندی نوێ دروست ناکەن، بەڵکو دەربڕی بەرژەوەندییە راستەقینەکانی چینی کرێکاران بە گشتی. رۆڵی ئەوان روون و ئاشکراکردنی ناکۆکییە چینایەتییەکان و پاڵنانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییە بەرەو پێشەوە.

مارکس هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمۆنیستەکان پشتگیری لە هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دژ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەمیشەیی دەکەن:

"بە کورتی، کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنێک پشتگیری لە هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دژ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەمیشەیی دەکەن".

ئەم پشتگیرییە بە واتای تێکەڵبوون لەم بزووتنەوانەدا نییە، بەڵکو کارکردنە لەناویان بۆ روونکردنەوە و ئاشکراکردنی ئامانجە کۆتاییەکانی کۆمۆنیزم، کە بریتین لە نەهێشتنی کاری کرێگری و موڵکی تایبەت و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و بێ دەوڵەت. لەم کۆمەڵگە کۆمۆنیستیدا، حیزب وەک قەوارەیەکی جیاواز نامێنێت، چونکە پێویستی پێی نامێنێت کاتێک رزگاری تەواوی کرێکاران و نەهێشتنی خەباتی چینایەتی بەدیهات. بۆ مارکس، حیزب ئامرازێکی کاتییە و پێویستە بۆ بەدیهێنانی شۆڕش، بەڵام خودی ئامانج نییە.

کاتێک مارکس دیدگایەکی گشتی لەسەر رۆڵی کۆمۆنیستەکان لە خەباتی چینایەتیدا پێشکەش کرد، ڤلادیمیر لینین هات بۆ پەرەپێدانی چەمکێکی وردتر و رێکخراوتر لەسەر حیزب، کە چەمکی "حیزبی پێشەنگ"ە. تیۆری حیزبی لینین لە چوارچێوەی پێویستی بە رێکخراوێکی شۆڕشگێڕدا سەری هەڵدا کە توانای سەرکردایەتیکردنی کرێکارانی لە رووسیای قەیسەریدا هەبێت، چونکە بارودۆخی سیاسی پێویستی بە پێکهاتەیەکی نهێنی و رێک و پێک هەبوو.

لینین بە توندی رەخنەی لە "خۆرسکبوون" لە بزووتنەوەی کرێکاریدا گرت، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هۆشیاری شۆڕشگێڕی بە خۆکاری لە خەباتی ئابووری کرێکارانەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو دەبێت لە دەرەوە لەلایەن حیزبێکی رێکخراو و هۆشیارەوە پێیان بگەیەندرێت.

لە کتێبی "چی بکرێت؟" لینین دەڵێت:

"هۆشیاری سۆشیالیستی تەنها لەسەر بنەمای زانیاری زانستیی قووڵ دەتوانێت سەرهەڵبدات. تیۆری سۆشیالیستی لە تیۆرییە فەلسەفی و مێژوویی و ئابوورییەکانەوە سەریهەڵداوە کە نوێنەرانی خوێندەواری چینە خاوەندارەکان، رۆشنبیران، دایناون. بەم شێوەیە، هۆشیاری سۆشیالیستی شتێکە کە لە دەرەوە بۆ خەباتی چینایەتی پرۆلیتاری دەهێنرێت، نەک شتێک کە بە خۆکاری لێیەوە سەرهەڵبدات".

لێرەوە چەمکی حیزبی پێشەنگ هات، کە حیزبێکە لە شۆرشگێرانی پرۆفیشناڵی زۆر هۆشیار و پڕ لە دیسپلین پێکدێت، کە ژیانی خۆیان بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی تەرخان دەکەن. رۆڵی ئەم حیزبە سەرکردایەتیکردنی چینی کرێکار و ئاراستەکردنی بەرەو شۆڕش و دامەزراندنی حکومەتی کرێکارییە. ئەم حیزبە تەنها رەنگدانەوەی ئاستی هۆشیاری ئێستای چینەکە نییە، بەڵکو ئەو هێزەیە کە ئەو هۆشیارییە بەرز دەکاتەوە و ئاراستەی دەکات بەرەو ئامانجە شۆڕشگێڕییەکان.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان کە رێکخستنی حیزبی پێشەنگی لینینی بەڕێوە دەبات، "ناوەندگەرایی دیموکراسی"یە. ئەم بنەمایە دوو لایەن پێکەوە کۆدەکاتەوە:

"بنەمای ناوەندگەرایی دیموکراسی و سەربەخۆیی رێکخراوە حیزبییە خۆجێییەکان واتای ئازادییەکی تەواو و گشتگیرە لە رەخنەگرتن، بە مەرجێک کاریگەری لەسەر یەکێتیی کاریکی دیاریکراو نەکات".

**دیموکراسی**: واتای ئازادی تەواوی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیرورا لەناو حیزبدا پێش بڕیاردان، کە رێگە بە فرەچەشنی دیدگا و پێشکەشکردنی پێشنیار لەلایەن هەموو ئەندامانەوە دەدات.

**ناوەندگەرایی**: واتای دیسپلینی توند و یەکێتی لە کارکردندا دوای بڕیاردان. کاتێک بڕیارێک پەسەند کرا، بۆ هەموو ئەندامانی حیزب ناچارکەرە دەبێت و دەبێت بە توندی و بێ دوودڵی جێبەجێ بکرێت، بۆ دڵنیابوون لە کاریگەری حیزب وەک یەکەیەکی یەکگرتوو.

لینین پێی وابوو کە ناوەندگەرایی دیموکراسی بۆ دڵنیابوون لە کاریگەری حیزب و توانای کارکردنی وەک یەکەیەکی یەکگرتوو لە بەرامبەر دوژمنی چینایەتیدا پێویستە. ئەمە دڵنیا دەکاتەوە کە حیزب، سەرەڕای گفتوگۆ ناوخۆییەکان،

وەک هێزێکی یەکگرتوو و ڕێکخراو هەڵسوکەوت دەکات و توانای بەدیهێنانی ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی هەیە. بۆ لینین، حیزب ئامرازێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات و پاراستنی، و بۆ قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم پێویستە.

مەنسوور حیکمەت، بیرمەند و داڕێژەری کۆمۆنیزمی کرێکاری، بە تایبەت جەخت لەسەر چەمکی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" و ڕۆڵی حیزب لە بەدیهێنانیدا دەکاتەوە. حیکمەت بە توندی ڕەخنەی لە حیزبە کۆمۆنیستە تەقلیدییەکان گرت کە لە ناواخنی خەباتی چینایەتی دوورکەوتوونەتەوە، و بانگەواز بۆ بنیادنانی حیزبێکی کرێکاریی ڕاستەقینە کرد کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆ و مێژووییەکانی کرێکاران بکات.

بۆ حیکمەت، کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنها تیۆری نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئۆبژێکتیڤی سەربەخۆیە، کە لە خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار دژ بە سەرمایەداریدا ڕیشەی داکوتاوە. پێی وایە سۆشیالیزم مۆدێلێکی تیۆری یان خەیاڵگەرایی نییە کە چاوەڕێی جێبەجێکردن بێت، بەڵکو چوارچێوەی خەباتێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە و بەردەوامە. ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێت لەم خەباتە ڕاستەقینە و ئۆبژێکتیڤە سەرهەڵبدات.

لە "تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری"دا، حیکمەت دیدگای خۆی بۆ حیزب ڕوون دەکاتەوە:

"کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆیە و لە چالاکی مارکسیستەکان یان کۆمۆنیستەکانەوە سەرچاوە ناگرێت. ئەمە بزووتنەوەیەکی مێژووییە کە دەستپێکردووە و بەردەوامە. خەبات دژ بە سەرمایەداری بە ئامانجی جێگرتنەوەی بە سۆشیالیزم، لە ڕێگەی شۆڕشی چینی کرێکارەوە، دیدگایەکی زیندوو و پتەوە لەناو چینی کرێکاردا – ئەمە نەریتێکی زیندووی خەباتە."

حیکمەت جەختی لەسەر چەند تایبەتمەندییەک کردەوە کە حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری لێک جیا دەکاتەوە:

**سروشتی کۆمەڵایەتیی ئۆبژێکتیڤی کۆمۆنیزمی کرێکاری:** حیکمەت پێی وایە کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بوونی هەیە، نەک تەنها بیرۆکەیەکی تیۆری. حیزب لەم خەباتە ئۆبژێکتیڤەی چینی کرێکارەوە سەرهەڵدەدات.

**ئینتەرناسیۆنالیزم (جیهانگەری):** حیکمەت بە تەواوی ناسیۆنالیزم و نیشتیمانپەروەری ڕەت دەکاتەوە، و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێت لە بیر و پراکتیزیدا ئینتەرناسیۆنال بێت. حیزب سنوورە نەتەوەییەکان لە کارە سیاسەکانی خۆیدا ناناسێت، بەڵکو جەخت لەسەر خەباتی چینایەتیی جیهانی دەکاتەوە.

**سۆشیالیزم وەک ئامانجی کۆتایی:** حیکمەت سۆشیالیزم بە نەهێشتنی کاری کرێگری و بەدیهێنانی یەکسانی ئابووری لە ڕێگەی گواستنەوەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بۆ خاوەنداریێتی گشتی پێناسە دەکات. ئەمە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو ڕەوتانە جیا دەکاتەوە کە سۆشیالیزم بە ئابووری پلاندانراوی دەوڵەت یان پیشەسازییەوە دەبەستنەوە.

**دیدگای ڕەخنەگرانەی مارکسیستی:** حیکمەت جەخت لەسەر پابەندبوونی حیزب بە مارکسیزم وەک میتۆدێکی شیکاری و ڕەخنەگرانە بۆ جیهان دەکاتەوە، و پێی وایە کۆمۆنیزمی کرێکاری ناتوانێت سەرکەوتوو بێت بەبێ بەرگری لە مارکس و مارکسیزم.

بۆ مەنسوور حیکمەت، حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەو ئامرازەیە کە چینی کرێکار بەرەو کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە، بێ چەوسانەوە و ستەم و بە تایبەتمەندی ئینتەرناسیۆنالیزم و یەکسانی ئابووری تەواو، سەرکردایەتی دەکات. ئەمە حیزبێکە کە لە ڕەوتەکانی تری چەپ جیاوازە بە جەختکردنەوەی لەسەر بریکارێتی ڕاستەوخۆی چینی کرێکار و هەڵوێستی دژە ناسیۆنالیزمی.

دیدگاکانی مارکس، لینین و مەنسوور حیکمەت لەسەر حیزبییەت، گەشەسەندنێکی فیکری نیشان دەدەن کە ڕەنگدانەوەی ئاڵنگارییە مێژووییە گۆڕاوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە. کاتێک مارکس بنەمای تیۆریی بۆ ڕۆڵی کۆمۆنیستەکان وەک پێشەنگی هۆشیاری کرێکاران دانا، لینین هات بۆ پەرەپێدانی چەمکی حیزبی پێشەنگی ڕێکخراو و پڕ لە دیسیپلین وەک ئامرازێکی یەکلاکەرەوە بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات و بنیادنانی سۆسیالیزم. مەنسوور حیکمەت، ئەم گەشەسەندنەی زیاتر پاڵنا، جەختی لەسەر پێویستی حیزبێکی کرێکاریی ڕیشەیی کردەوە کە نوێنەرایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئۆبژێکتیڤ بکات.

پەیوەندی نێوان ئەم دیدگایانە دەتوانرێت لە خاڵەکانی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

**گەشەسەندن لە چەمکی حیزبدا:** مارکس بە تێگەیشتنێکی فراوان لە ڕۆڵی کۆمۆنیستەکان وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری دەستی پێکرد، پاشان لینین ئەم چەمکەی کورت کردەوە بۆ حیزبێکی پێشەنگ لە شۆڕشگێڕانی پرۆفیشناڵ. حیکمەت، جەختی لەسەر حیزبی چینی کرێکار کردەوە کە لە بزووتنەوەی کرێکاریی ئۆبژێکتیڤەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرگری لە بنەماکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.

**ڕۆڵی حیزب لە گۆڕانی شۆڕشگێڕیدا:** هەر سێکیان هاوڕان کە حیزب ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە سەرکردایەتیکردن و ڕێکخستن و نوێنەرایەتیکردنی کرێکاراندا دەبینێت. مارکس حیزبی وەک دەربڕی خەباتی چینایەتی دەبینێت، لینین وەک سەرکردەی شۆڕش و بنیادنەری دەوڵەتی سۆشیالیستی، و حیکمەت وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی کۆمۆنیزم.

**ئامانجی کۆتایی:** سەرەڕای جیاوازییەکان لە تاکتیک و چەمکەکاندا، مارکس و لینین و حیکمەت هاوڕان کە ئامانجی کۆتایی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و بێ دەوڵەتە، کە تێیدا شێوەکانی چەوسانەوە و ستەم نەهێڵدرێن.


**تایبەتمەندی کۆمۆنیزمی کرێکاری:** کۆمۆنیزمی کرێکاری کە مەنسوور حیکمەت نوێنەرایەتی دەکات، بە جەختکردنەوەی لەسەر بریکارێتی ڕاستەوخۆی چینی کرێکار، هەڵوێستی ئینتەرناسیۆنالیزمیی توند دژ بە ناسیۆنالیزم، و پێناسە ڕوونەکەی بۆ سۆشیالیزم وەک نەهێشتنی کاری کرێگری و یەکسانی ئابووری تەواو، جیادەکرێتەوە. ئەم تایبەتمەندییە وای لێدەکات ببێتە ڕەوتێکی ڕەخنەگرانە لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، کە هەوڵدەدات ئەو لادانانە ڕاست بکاتەوە کە لە حیزبە کۆمۆنیستە تەقلیدییەکاندا ڕوویانداوە.

ئەم سێ دیدگایە، سەرەڕای جیاوازییەکانیان، پێکهاتەیەکی فیکری دەوڵەمەند پێکدەهێنن کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن تێگەیشتن لە ڕۆڵی حیزب لە پرۆژەی کۆمۆنیستیدا گەشەی کردووە، و چۆن بیرۆکەکان لەگەڵ بارودۆخی مێژوویی جیاوازدا خۆیان گونجاندووە، لەگەڵ پاراستنی ئامانجی سەرەکیی ڕزگاری چینی کرێکار و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی.

لێکۆڵینەوە لە بۆچوونەکانی کارل مارکس، ڤلادیمیر لینین، و مەنسوور حیکمەت لەسەر حیزبییەت لە چوارچێوەی بیری کۆمۆنیزمدا، ڕێڕەوێکی گەشەسەندنی فیکریی قووڵ نیشان دەدات. لە دیدگای مارکس بۆ حیزب وەک "پێشەنگی هۆشیار" کە لە خەباتی چینایەتییەوە سەرهەڵدەدات و کار لەسەر یەکخستنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دەکات، تا پەرەپێدانی لینین بۆ چەمکی "حیزبی پێشەنگ"ی ڕێکخراو و پڕ لە دیسیپلین وەک ئامرازێکی یەکلاکەرەوە بۆ شۆڕش و بنیادنانی دەوڵەتی سۆسیالیستی، هەتا بانگەوازی مەنسوور حیکمەت بۆ "حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری" وەک دەربڕی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئۆبژێکتیڤ کە ئامانجی نەهێشتنی کاری کرێگری و یەکسانی ئابووریی تەواوە، گرنگی حیزب وەک توخمێکی دانەبڕاو لە پرۆژەی کۆمۆنیزمدا دەردەکەوێت.

سەرەڕای جیاوازییەکان لە جەختکردنەوە و تاکتیکەکاندا، ئەم بیرمەندانە هاوڕان لەسەر ڕۆڵی ناوەندیی حیزب لە سەرکردایەتیکردنی چینی کرێکار بەرەو ئامانجی کۆتایی خۆی: کۆمەڵگەیەکی بێ چین و بێ دەوڵەت. کۆمۆنیزمی کرێکاری، وەک مەنسوور حیکمەت پێشکەشی کردووە، هەوڵێکە بۆ نوێکردنەوەی بیری کۆمۆنیستی و ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکەی، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕەسەنایەتی بزووتنەوەی کرێکاری و پێویستی بە حیزبێکی ئینتەرناسیۆنالیزم کە پابەند بێت بە بنەما مارکسییەتە ڕەسەنەکانەوە. ئەم بیرۆکانە بە زیندوویی خۆیان دەمێننەوە بۆ بزووتنەوە کۆمۆنیزمە هاوچەرخەکان، چونکە چوارچێوەیەکی تیۆری و کردەیی بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی حیزب لە خەبات بۆ جیهانێکی دادپەروەرتر و یەکسانتر پێشکەش دەکەن.

٩/٩/٢٠٢٥



## تویژینەوەیەکی کورت سەبارەت بە فیدرالیزم

# نەتەوەپەرستی دەبێ ببێت بەکاریکی شەخسی!

بەشیک لە کوبوونەوەی پالتاکی مەنسور حیکمەت لە ٢٦ دیسەمبەر ٢٠٠١ سەبارەت بە فیدرالیزم ریگە بدەن چەند وشەیەک سەبارەت بە فیدراليسم بليم. ئيمە ئيستا هەموومان (پيم وايە هەموو ئەوانەی کە لەم ژوورەدان مەگەر ئەوە بەراستی کەسيکی دواکەوتوو بيت) بيست و چەندساليکە لە پيناو ئەوەدا خەبات دەکەين کە دين لە دەولەتو پەروەردەو فيرکردنو لەژيانی کومەلايەتی ئيمە بکەينە دەرەوە وە ببيتە کاری شەخسی. دين ببيتە کاريکی شەخسی . ئيستا پاش بيست و چەند سال ژمارەيەک هاتوون وە دەلين وەرن با نەتەوە پەيوەست کەين بە دەولەتەوە، بە پەروەردەو فيرکردن و حکومەت وە ببێتە شيوەی ژيان. من ئەليم هەر بەو جورەی کە مەزهەب دەبی کاری شەخسی بيت، قەوميەتيش بە هەمان شيوە دەبی ببيتە کاری شەخسی. بۆی هەيە کەسيک نەتەوەی هەبيت وەکەسيکی تر نەيبيت. هەر بەو شيوەی کەسيک دينی هەيە وە يەکيکی تر نيەتی. بويان هەيە ئينسانەکان قەوميەتی جۆراو جۆريان هەبيت بويان هەيە ژمارەيەک بيانەويت. بۆيان هەيە ژمارەيەک بيانەويت لە بەيانيەوە تا ئيوارە رابەرە نەتەوەييەکانيان بەگەورە بگرن و پيرۆزيان بکەن. ژمارەيەک بيانەوی لە بەيانيەوە تاشەو گالتە بە ميراتی نەتەوەی ئەوان بکەن (کە من لە دەستەی دووهەمم.) ئەوەش هەر دەبی کاری شەخسی ئيمە بيت.

ئايا ئێمە رێگە ئەدەين پاش بيست و سی سال حکومەت بەناوی دينەوە، بە گوڕينی دين بەيەکيک لە پێکهاتەکانی حکومەت، بە گۆرينی مەزهەب لە کاريکی شەخسيی وە (کە زەمانی شايش بە هەمان شيوە کاری شەخسی نەبوو.) بو دامەزراوەی دەولەت، پاش بيست سال حکومەتی ئيسلامی سياسی، ئەنجام قەوميەت ئەم دەورە لەئەستو بگريت؟ نەخير! ئازيزی من، نەتەوەيی بوونی ئينسانەکان، تورک وفارس و کورد و عەرەب و بەلوج بونيان هەر بەو شيوەی کە شيعە و سونی و بەهايی و يەهودی بونيان کاری خۆيانە. بۆ خۆشيان بەريزە. خۆشی لە خويان، نابێ رێگە بدەين ئەم (جێگەيە) پەيدا بکات، لەگەل شێوەی ژيانی کومەلايەتی ئيمەوە پەيوەست بيت. وە نابێ ريگە بدەين ببێتە ياسا. وە سبەينی ئێمەش بە هەمان شێوە کە رێگە نادەين هەويەی دينيمان بدەنی وە بڵێين تو شيعەی، تو سونی، تو بەهاييت، تو مەسيحی و يەهوديت پاشان لەگەل ئەوانی تر لەم سەردەمە دياريکراوە يا لەو سەردەمی دياريکراو جياوازيت هەيە، سبەينی بڵێن تۆ لوريت لێرە چی ئەکەيت؟ تو کورديت چۆن هاتيتە کەنار ئەم شەقامە؟ تو کە ژمارەی سەيارەکەت سمنانيە، چون لە بلواری ناوەراستی شاری سنە دا سەيارەکەت وە ستاندوە؟ نامانەوێ نەتەوەمان بگوڕن بە شناسنامەمان، وە نامانەوی بێگورن بە بەشێک لە دەسەلات. ئەگەر ئێوە باوەرتان بەوەيە کە ئيسلامی سياسی بۆگەنە، وە دەسەلاتی ئيسلامی و حکومەتی دينی وە حکومەتيک کە دين دەگۆرێت بەئايدولوژی دەسەلات و بە بەپايەيی دەسەلات، بە بۆچوونی من بە يەک تۆز بيرکردنەوە دەتوانی تيبگەيت کە چۆن ئيمە باوەڕمان بەوەيەکە حوکمەتی نەتەوەيی، و فيدراليزم پيسە، وە بە هەمان شێوە قێزەونە، خوێن رێژييە، و بە هەمان شێوە دواکەوتوە .

ئەمە هەڵوێستی ئێمەيە سەبارەت بە فيدراليزم. ئەگەر کەسيک بيەويت حکومەتی ئيسلامی لە ئيران پاريزگاری لێ بکات ئەوە لەگەڵ ئيمە تەرەفە. لەگەل هەموو ئێمە کە لەم ژوورە ئامادەين تەرەفە. سبەی ديسان ئەگەر کەسيک بيەويت حکومەتی نەتەوەيی بێنێتە سەرکار، لەگەل ئيمە تەرەفە. باشترە کە ئەوە بزانيت. کە لەلای ئێمەوە رەد ئەکريتەوە. ئەبێ شوينی ئازاردان و ئيعدام کردن دروست بکات. بڕوات سيا) CIA(بهێنيت وە پاڵ بدات بە ناتۆوە، دواتر بڕوات بيبيسی و سی ئين ئين بێنێتە پشتی خوی. لە لايەن جيليکەوە رەد بکرێتەوە تا موڵەتی پەيدا بکات لەو ولاتە حکومەتی قەومی ئاراستە بکات (راگەيەنێت)کە ئەو هێلە هی تورکەکانە. ئەمە سنوری لورەکانە وە ئەمە سنوری بەلوجەکانە .

لێرەدا سەرنج راکيش ئەوەيە کە کومەلگەی فيدراليان لەسەر بنەمای دابەشکردنی پاريزگاکانی جمهوری ئيسلاميە. باشە ئەگەرسبەی کوماری ئيسلامی ئازەربايجانی کرد بە سێ بەشەوە ئەو کاتە سێ کۆماری ئۆتۆنۆمی و کۆماری فيدرالمان هەيە يان نا؟ ئەگەر نە ئەو سنورانە چ کەسێک دەيان کێشێت؟ ليرەدايە کە باسی (شاری) تاران نموونە يە. تارانی مانای چی؟ هەرکەس دێتە تاران بە خۆی دەڵێ تارانی وە راستيش دەڵێ، راست دەڵێ. تاران ... لە خەڵکيک کە لە شوينەکانی تری مەملەکەتەوە هاتوون، ئەيانەوی لەوی بژين. فيدراليزم يانی ئەوانە بەردانە گيانی يەکتر. نەک لە گردو شاخەکانی لورستان و کوردستان، بەردانيان بو گيانی يەکتر لەتاران! لەبەرئەوەی کە ولاتی هەريەکەيان ئەيەويت وەفادارليان بۆ کۆماری فيدرالی بسەلمينيت. کێشەکە لە سەرايفو (لە بوسنا) رويداوە. بينيمان. يوگوسلافيا لەبەر چاومانە. ئەوە فيدراليزمە. چيا (يەکيک لەوانەی کە لە کوبوونەوە پالتاکيەکەدا پرسياری کرد) ئەپرسی باشە ئەی چۆنە جيابوونەوە قوبوول دەکەن؟ ئايا ئەمە ناکوکی نييە؟ نەخێر ناکوک نييە. لەبەرئەوەی لە حالەتێکدا نەفرەتی نەتەوەيی ئەوەندە قوڵ دەبێتەوە، بە هەولی شۆفينيستی ناوەندی و ناسيوناليزمی ناوچەيی ئەوەندە ئەم نەفرەتە قووڵ ئەبيتەوە کە ميژوويەک لە شەڕو پێکدادان، نارەحەتی و دژايەتی لە نێوان تاکە جياوازەکانی کومەلگەدا پێک ئەهينيت کە هيچ رێگايەک جگە لەوە نامينيت بۆ ئەوەی کە نياز پاکی خۆت نيشان بدەی وە بڵێی بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ميژووە خويناوی‌و خوێنريژييە، نەتەوەيەک کە بەو رێژەيە لە ژێر چەوسانەوەدا بووە وە ئيتر ناتوانيت رێک بکەويت، وەرە رێگە بدە سەيرکەين ئەيەويت يەک جاريتر تاقی بکاتەوە کە ئەيەويت پێکەوە بژين يا دەيەويت وڵاتی خوی دامەزرێنێت. ئەمە چارەسەريکی تاڵە. جيابوونەوەی ژمارەيەک لە کومەڵگەيەک کە پێشتر ژيانيان تيدا بەسەر بردوە و بەشيان کرد وە جيابوونەوەيان لە سەر بنەمای قەوميەتيان يەک رووداوی تاڵە. بەلام ئەگەر ناچار بووين، دەبی ئەم کارە بکەين. هيچ کاتيک نەمان وتووە کە قايلين بە مافی هەموو ميللەتيک بو دامەزراندنی دەوڵەت. حەتمەن بەو جورە نييە. هەروەک چون قوبووڵمان نييە ولات بو هەموو دينەکان دامەزرينن، بو هەموو ميللەتانيش قوبووڵمان نييە. بە تەئکيد ولات ماناکەی نە نەتەوەيە وە نە گەلە وە نە مەزهەبە، يەکيتی دڵخوازانەی ئينسانەکانە. لە ئەنجامدا هەر ژمارەيەک کە بيانەوێ پێکەوە بژين ئەبێ بتوانن بە يەکەوە بژين، هێنانی (وشەی) ميللەتو ناسيوناليزم لە پيناسەی دەولەتدا، (بەومانايەی کە) ئيرە حوکمەتی ئيرانيەکانە. ئێرە حکومەتی لورەکانە وهتد، ئەمە بە بۆچوونی ئێمە کونەپەرستانەيە.

سەبارەت بە

بۆ لاپەڕە 13



## حەسەن مارف: زیاتر لە دەساڵە بەناوی قەیرانی دارای دەست براوە بۆ بژێوی بەشی زۆرینەی خەڵكی هەرێم (باشوری كوردوستان) كەمووچەی مووچەخۆرانن، بەهەموو شێوەک سەرەكیترین هۆكار چاوبڕینە بەشێكی زیاتری تاڵانكردنی زیاترە ...

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ حەسەن مارف، یەكێك لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری سەبارەت بە پرسی "هۆكارەكانی دواكەوتنی موچە و كاریگەریەكانی لەسەر كۆمەڵگە"...**

**بۆپێشەوە: زیاتر لە ١٠ ساڵە كیشەی لێبرین و دواكەوتنی موچەی فەرمانبەرانی كوردستان، بۆتە یەكێک لە كێشەكانی فەرمانبەران و گشت كۆمەڵگە، هۆكاری سەرەكی كیشەی دواكەوتنی موچە چییە؟**

**حەسەن مارف:** زیاتر لە دەساڵە بەناوی قەیرانی دارای دەست براوە بۆ بژێوی بەشی زۆرینەی خەڵكی هەرێم (باشوری كوردوستان) كەمووچەی مووچەخۆرانن، بەهەموو شێوەک سەرەكیترین هۆكار چاوبڕینە بەشێكی زیاتری تاڵانكردنی زیاترە. هەڵبەتە دەسەڵاتدارانی هەرێم لەدوو بنەماڵەدا كۆبۆتەوە زیاتر لەوەیش بۆ سەرۆک خێڵەكە، لەبنەڕەتدا دوانزە ساڵە هیچ سیماو پێناسێكی بەڕێوەبردن حوكمەت نییە، نە یاسا هەیە نەماف، زیاتر وردبینەوە ئەوەی بۆ هەربەڕێوەبردنێک پێویستە بوجە و ڕێكخستنی داراییە كە هەبێت، كە لێرە ناوێكیشی نییە. بەناوی ئابوری سەربەخۆ لەگەڵ كۆمپانیاكانی وڵاتان زۆر بێ ویژدانانە دەستیان كرد بەتاڵانكردنی سەرچاوەكانی وزەو بە تایبەت نەوتی خاو، ئیتر ژیانی خەڵكیان بۆگرنگ نەبوو ونییە.

**بۆپێشەوە: كیشەی موچە یەكێك لە گرفتەكانی نیوان دەسەڵاتی بەغدا و هەرێمە، كام لەم دوو لایەنە بەغدا یان هەولێر، هۆكاری كیشەی موچەن؟**

**حەسەن مارف:** هەردووكیان بەڕوكەش و لەمیدیا یەكتری تۆمەتبار دەكەن، بەڵام بەڕاستی سیناریۆیە، ئەمە ڕێكەوتنێكی نێوان هەرێم بەغدادە بۆ برسیكردن سزادانی خەڵكی هەرێم و وە هاوبەشن لە داهاتی بەقاچاخ بردنی نەوت و بە بەڵگەی ئەوەی دەكری ڕۆژانە بەهەزاران تانكەر پڕلەنەوتی خاو دەچێتە سنورەكانی ئێران و توركیا مەحاڵە حكومەتی فیدراڵ بەمە نەزانێت یان ئاگادار نەبێت، دەیان بەڵگەی تۆماریان لەلایەو لەبەردەستە كەئەمە تاوانێكی گەورەیە و هەردوو لایان بەتەواوی تاوانبار و هاوبەشن.

> **بەئەنجام نەگەیشتنی ڕێكەوتنەكانی ناوەندو هەرێم لەبێچارەیان نییە، بەڵكو بەزاناییانە، ڕێكەوتنیش لە تواناو دەسەڵاتی هیچیان نییە، چونكە حكومەتێكی سێبەر لەبەغدادە و لەتاران ئاڕاستە دەكرێت و لە هەولێرێش دەسەڵاتێكی تاڕادەیەك شاراوە هەیە وبڕیار لە ئەنقەرەوەردەگرێ. دەبێت ئەم دووانە ڕێكەون پێش هەولێرو بەغداد،...**

**بۆپێشەوە: لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا كە كیشەی موچە هەیە، دەیان و سەدان جار، بەغدا و هەولێر ریكەوتنیان كردووە كە كۆتایی بە كیشەی موچە بێت، كەچی ریكەوتنەكان بە ئاكام ناگەن... هۆكاری بە ئاكام نەگەیشتنی ڕێكەوتنەكان چییە؟**

**حەسەن مارف:** بەئەنجام نەگەیشتنی ناوەندو هەرێم لەبێچارەیان نییە، بەڵكو بەزاناییانە ڕێكەوتنیش لە تواناو دەسەڵات هیچیان نییە، چونكە حكومەتێكی سێبەر لەبەغدادە و لەتاران ئاڕاستە دەكرێت و لە هەولێریش دەسەڵاتێكی تاڕادەیەک شاراوە هەیە وبڕیار لە ئەنقەرەوەردەگرێ. دەبێت ئەم دووانە ڕێكەون پێش هەولێرو بەغداد، جگەلەمەش كۆمپانیاكانی نەوت لەهەرێم بوونە خاوەن و بڕیاردەر لەمامەڵەكردن بەنەوتی هەرێم وجگە لەم هۆكارانەیش جووت بنەماڵە بەم شێوازی درێژەپێدانی نەجابوونەو نەڕێكەوتن ڕۆژانە سەدا ملیۆن دۆلار دەچێتە خەزنە و ژێر زەمینەكانیان.

**بۆپێشەوە: لە بەرامبەر ناردنی موچەدا، بەغدا داوای رادەستكردنی نەوتی هەرێم، داهاتی نانەوتی، تەوتینی موچەخۆران دەكات، ئایا ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم مل بەو داوایانەی بەغدا بێت، چ دەسەلاتێكی دەمێنێتەوە؟ وە لاتان وایە هەرێم مل بەو داواكاریانەی بەغدا بدات؟**

**حەسەن مارف:** وەک لەپرسیاری پێشتر باسم كرد ئەمان نەخاوەنی نەوتن نەبڕیاردەریشن بۆ كۆبونەوەكانیان تەنها كات بەڕێكردنەو خۆڵكردنە چاوی خەڵكی هەرێم هیچی تر، سەبارەت بەوە ئەگەر هەرێم نەوت و داهاتی نانەوتی بدات بەبەغدا چی دەسەڵاتێكی دەمێنیەتەوە، ئەوكات لەناو هەرێمیش بێكاریگەرو بێ ڕۆڵ دەكرێ وەک باڵۆنێكی فشكراوەیان لێ دێت .

**بۆپێشەوە: دواكەوتنی بەردەوامی موچە، چ كاریگەرییەكی لەسەر ژیان و گوزەرانی فەرمانبەران بەتایبەتی و كۆمەڵگە بەگشتی دەبێت؟**

**حەسەن مارف:** بەدڵنیایی ڕۆژبەڕۆژ باری ژیان گوزەرانی خەڵک بەگشتی خراپتر دەبێت، كێشە كۆمەڵایەتی خێزانیەكان ڕوو لەزیادبون دەبێت و تا دەگاتە كێشەی كۆمەڵایەتی و دەرونی تێكچوونی شیرازەی كۆمەڵگە، پێم وایە ئەمیش یەكێكی ترە، لەئامانجەكانیان لێک هەڵوەشاندنی كۆمەڵگە.

**بۆپێشەوە: فەرمانبەرانی كوردستان زیاتر لە ١٠ ساڵە بەرێگای جۆراو جۆر خەریكی نارەزایەتی دەربڕین لە پێناو خواستی موچەكانیان و پلە بەرزكردنەوە، كەچی وەڵام بەو مافە سەرەتاییەیان نەدراوەتەوە، دەبێ چ ریگایەكی تر بگیرێتە بەر بۆ ناچار كردنی دەسەڵات بۆ مل دان بە خواستەكانیان.**

**حەسەن مارف:** بێ مافی و دەست خستنە ناو ژیانی خەڵک بەبڕینی مووچەو كەمكردنەوەی و ڕاگرتنی پلەبەرزكردنەوە، سەر مووچە مافێكن كەئەمانیش بڕۆن هەردەسەڵاتێک جێگرەوەیان بێت دەبێت بسەنرێتەوە. من پێم وایە ئەم دەسەڵاتە هیچ بواری چاكسازی و ڕاست بونەوەی هەڵە كوشندەكانی نەماوەتەوە، بۆیە ئەم دەسەڵاتە ڕۆژبەدوای ڕۆژ لەلیۆای لەناوچوون داڕماندایە. بۆیە تاكە چارەسەری گەڕان وهەوڵدانە بۆ جێگرەوە (بەدیل) بەڵام جێگرەوەیەک بژاردەی زۆرینەی، خەڵک بێت....

> **ئەم دەسەڵاتە هیچ بواری چاكسازی و ڕاست بونەوەی هەڵە كوشندەكانی نەماوەتەوە، بۆیە ئەم دەسەڵاتە ڕۆژبەدوای ڕۆژ لەلیۆای لەناوچوون داڕماندایە. بۆیە تاكە چارەسەری گەڕان وهەوڵدانە بۆ جێگرەوە (بەدیل) بەڵام جێگرەوەیەك بژاردەی زۆرینەی، خەڵك بێت ...**

## درێژەی: تویژینەوەیەکی کورت سەبارەت بە فیدرالیزم

کوردستان، ئێمە بەردەوام وتوومانە کە کێشەیەکی میللی مەترەحە. هەروەک چۆن کێشەی فەلەستین کێشەیەکی نەتەوەیی یە و مەترەحە. بەڵام کێشەی باسک کێشەیەکی نەتەوەیی و مەترەح نییە. سەرەرای ئەو هەموو توپبارانەی کە باسکەکان لە باکوری ئیسپانیا دەیهاویژن. کێشەی باسک کێشەیەکی نەتەوەیی مەترەح نییە. کومەلگەی ئیسپانیا دەگەرێنێتە دواوە. بەڵام کێشەی فەلەستین کێشەیەکی نەتەوەیی و مەترەحە، ئەبێ وەلام وەرگرێتەوە. کێشەی کوردستان کێشەیەکی نەتەوەیی مەترەحە، ئەبێ وەلام وەرگرێتەوە. مانای ئەوە نییە کە کێشەی خوراسانیش ئەبێ وەلام وەرگرێتەوە. لێرە کێشەیەکمان نییە. هەرکاتیک ناسیونالیستیکی نەتەوە پەرست لە هەر دوو لاوە پاش پەنجا سال درۆ و خوینرێژی، ئەوکاتە ئەبێ لەگەل هەمان سیاسەت هەڵوێست بگرین.

بەلام سیاسەتی نوێ و پێشنیاری ئیمە بو خەلکی کوردستان چی یە؟ ئەوەیە کە یەکێتی دلخوازانە هەڵبژێرێت. ئێمە ئەبێت ریفراندومی بخەینە بەردەم بو ئەوەی ئەو خەلکە بزانن کە بریار بەدەست خویانە، بەڵام دەتوانین پێشنیاری بو بکەین کە بمێننەوە وە نەڕۆن، سیستەمەکە شوراییە. دەسەلات لە گەرەکەکانە، دەسەلات بەدەست تاک تاکی کومەلگەوەیە. لە ئەنجامدا، نەخێر ناکوکی نییە. ئێمە راسپاردەی جیابوونەوە ناکەین. ئێمە مافی ریفراندوم بەرەسمی دەناسین. ریفراندوم بە میهرەبانی ئینسان کوژەکانی دەولەتانی ئیسلامی و پاشایەتی لە کوردستان، بە میهرەبانی مەحروم کردنی لە مافە بنەڕەتیەکانیان، بەمیهرەبانی میلیتاریزەکردنی بەشێک لە لایەن حکومەتی هەمان ولاتەوە و بۆمب و تۆپێک کە کۆیان کردوتەوە، ناچار بووە، تۆ بۆئەوەی کە بتوانیت ئەو متمانەیە بەدەست بینی، تاخەلکی کوردستان بتوانن ئاسودە بمینن وە بۆ ئەوەی بتوانی وەڵامی ناسیونالیستە کوردەکان بدەیتەوە، ئەبێ بیدەتە دەست خەلک خۆی. راستیەکەی من لەو باوەرەدام سەرەرای هەموو ئەو میژووچەیە خەلکی کوردستان لەیەک ریفراندومی ئازاد دا دەنگ بە جیابوونەوە نادەن. لێکدانەوەی شەخسی من ئەوەیە. ئیستا ئاوایە. هەتا سەرەرای ئەو هەلومەرجە کارەسات بارە، تا ئەوەی بگات بەوەی حکومەتیکی ئازادیخواز لە تاران لە دەسەڵاتدا بێت کە نوینەرایەتی خەڵک بکات، وە شورای سنە بە هەمان ئەندازە دەسەلاتی هەیە کە شورای هەر شاریکی تر هەیەتی.

**وەرگیرانی: کاوە عومەر**

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

## لە بۆپێشەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

## درێژەی دوا وتە

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەدەستی پارتییەوەیە، یەکێتی دەسەڵات بەدەستی زۆنی سەوزە، بەڵام دەسەڵاتێکی لەرزۆک و ناپایەدار. یەکێتی لە زۆنی سەوزدا رووبەڕووە لەگەڵ ژمارەیەک هێز گەلی سیاسی تر، کە لەجەستە و جەماوەری یەکێتی دەخۆن و یەکێتی بچووک دەکەنەوە، ئەم واقعیەتە کە لەلایەکەوە یەکێتی لە زۆنەکەی خۆیدا لەبەردەم هەرەشەی هێز گەلی سیاسی تردایە، و لەلایەکی تریشەوە یەکێتی لەبەرامبەر بە پارتیدا لە رەوتێکی روو لەخوار و داکشاندایە، کوڕانی تاڵەبانی خستۆتە دۆخێکی سەخت. یەکێتی ئەو راستییە دەزانێت کە ئەگەر رەوەندی پاشەکشەی یەکێتی لە بەرامبەر هێزەکانی تری زۆنی سەوزدا لەوە زیاتر بێتەخوارەوە، و بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، دەنگ و کورسیەکانی لەدەست بدات، هەر دۆراوی زۆنی سەوز نییە، بەڵکو لەبەرامبەر پارتیشدا دەبێتە نێچیرێکی لاوازتر... یەکێتی بۆ ئەوەی بەر بەو دۆخە بگرێت، دەیەوێت لەپاڵ تەسفیە حساباتی ناوخۆی یەکێتی، تەسفیە حسابێک لەگەڵ هیزە نەیارەکانی لە زۆنی سەوزدا بکات، کە ئامانجی لاوازکردن و کەنار خستنیانە. چ زیندوکردنەوەی کەیس بۆ شاسوار عەبدولواحید و چ هێرشی چەکداری فراوان بۆسەر لاهور شیخ جەنگی و بەرەی گەل و لالەزار، ریشەی لەو واقعیەتەدایە، بەڵام هێرش بۆسەر هێزگەلی نەیاری سیاسی بەبێ هێرش بۆسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کەشی نیمچەکراوەی سیاسی، کورت و بێ ئاکامە، بۆیە هاوکات لە هێرش بۆسەر ئەو هیزو لایەنانە، شەپۆلی هێرش بۆسەر فەزای کراوەو گشتی لە زۆنی سەوزدا دەستی پێکردووە. بنەماڵەی تاڵەبانی چۆن هەوڵ دەدەن لەناوخۆی یەکێتییدا، هەمەکارەوە هەمە بریار و دەسەڵاتی رەهایان هەبێت، ئاواش هەوڵیان بۆ ئەوەیە لە زۆنی سەوزدا هێزی بێ رکەبەر و خاوەن هەژموونی رەها بەسەر کەشی سیاسییدا بێت و کۆسپەکانی بەردەمی رابماڵێت، و هیزە سیاسیە نەیارەکانی لاواز و بێدەنگ بکات، وەکو ئەو هێز گەلەسیاسیەی لە زۆنی زەرددا هەن و زۆرتر پارتی و سەرۆک لە کاتی پێویستدا پێویستی بە ئیمزاکانیانە و بەکردەوە لە دنیای واقعیدا هیچ رۆڵێکیان نییە.

ئامانجی یەکێتی بۆ قوتبیکردنەوەی دەسەڵاتی رەهای لە زۆنی سەوزدا، بۆ بەهێزکردنی ململانێیەتی لەگەڵ پارتی، بەڵام ئەو شێوازە کە بۆ ئەو ئامانجەی دەستی بۆ دەبات، پێچەوانەی بەدیهینانی ئامانجەکەتی و ئاستی تورەیی و نارەزایەتی لە ئاستی گشتییدا و ئاستی رەتکردنەوەی یەکێتی تەنانەت لە ئاستی ناوخۆی حزبەکەیدا دەباتە سەرەوە. ژینگەی کەشی سیاسی زۆنی سەوز، ژینگەیەکی تەواو جیاواز لە زۆنی زەردە و داخستنی ئەو کەشە سیاسییە و کپکردنی دەنگی نارەزایەتی لەو زۆنەدا، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، ئەستەمە. ئەو دۆخە سیاسی و ئەو ئاستە لە کراوەیی کە لەزۆنی سەوزدا هەیە، خێر و سەدەقەی یەکێتی یان بەرهەم و کارکردنی دیموکراتیانەی یەکێتی نییە، تا یەکێتی بتوانێت کلۆمی بدات و قفڵ بدات لە دەنگی نارەزایەتی و ڕێگە لەهاتنە مەیدانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بگرێت.

نەک یەکێتی نیشتیمانی، هەر هێزێکی سیاسی تر لە گۆرەپانی زۆنی سەوزدا بێت، ناچارە ئەو راستییە قبوڵ بکات و مل بەو راستییە بدات، کە ئەم زۆنە بێدەنگ ناکرێت، بۆیە ناچارن سازشی لەگەڵ بکەن و مامەڵەی کراوەتری لەگەڵ بکەن.

یەکێتی نیشتیمانی چەندە بە نیشاندانی هێز و سەرکوت بیەوێت خەڵکی ئەم زۆنە بترسێنێت، پایەکانی دەسەڵاتی خۆی شلۆقتر دەکات، نەک بەهێزی ناکات، بەرەو لاواتری دەبات. نابێ بیرمان بچیت رژێمی بەعس لەسەرکوت و زەبروزەنگدا، بێ وێنە بوو، بەڵام بەهەموو میژووی زۆری سەرکوت و زەبروزەنگ و زیندانی و کوشت برِ نەیتوانی ئەم زۆنە کۆنترۆڵ و بێدەنگ بکات، ئەوە ئەزمونێکە دەبێ یەکێتی وانەیەکی لێ وەرگرتبێ.

سلێمانی و سەرجەم زۆنی سەوز، چ بە پێکهاتە سیاسی وکۆمەڵایەتی و کەلتوریەکەی و چ بەهۆی بوونی هیزی سیاسی جیاواز جیاواز، وبە میژوویەک کە هەیەتی، ناتوانرێت دەسەڵات بەسەریدا قوتبی بکرێتەوە... بۆیە هەوڵەکانی یەکێتی بۆ قوتبیکردنەوەی دەسەڵات لە زۆنی سەوز و کلۆم کردنی کەشی سیاسی کراوەی زۆنەکە، مەحکوم بەشکستە...

**ناوەراستی سێبتەمبەری ٢٠٢٥**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward


سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
هاوڕێ نەهرۆ، کاوە عومەر، توانا محەمەد نوری، مەنسور حیکمەت، وریای رەسام، سەلام سەعید، حەسەن مارف، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، ئارام حەسەن، بەندی عەلی، نەجم محەمەد...

دۆسیەی ژمارە "پرسی دواکەوتنی موچە و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە"...

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net


## ئێوە!!!... بەندی عەلی



وەکو ئێوەم
له هیچ شوێنێ نەبینیوە !
لەبری تفەنگ ..
ئەگەر درەختی بەردارتان بچاندایە
ئەمڕۆ.. وەتەن
دەبوو بە بێستانی میوە !!
هەی لە خەیاڵی قژ خاوی
منیش .. یاران !
هەی های لەم دەهرە گەنیوە ؟!
له هیچ شوێنێ
وەکو ئێوەم نەبینیوە !




## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام




دوا وتە

## خۆتان ماندوو مەکەن، زۆنی سەوز خامۆش ناکرێت!!

عەبدوڵا مەحمود

ئاستی هێرش بۆسەر پەراوێزەکان ئازادی و کەشی نیمچەکراوەی سیاسی کوردستان بە گشتی و بۆسەر زۆنی سەوز بەشێوەی بەرچاو و تایبەتی زیادی کردووە. ڕێگەگرتن لە کۆبونەوە و وەرێخستنی خۆپیشاندانی بزوتنەوەی نارەزایەتی، دەستگیرکردنی پێش وەختە، هەڵکوتانە سەر نەیارانی سیاسی، کەڵک وەرگرتن لە دادگا، لە ڕێگای هەژموونی حزبی بۆ دۆسیە کردنەوە یان زیندوکردنەوەی دۆسیەی پاشەکەوتکراو بۆ نەیارانی دەسەڵات و کەسایەتییە سیاسیەکان، تا دەگاتە دەستبردن بۆ چەک بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتە سیاسیەکان، چەند گۆشەیەک لەو هێرشانەن کە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا لە زۆنی سەوز و لەلایەن یەکێتی نیشتیمانییەوە پەنایان بۆ براوە.

ئەم برگەیە لە هێرش بۆسەر کەشی نیمچە کراوەی سیاسی زۆنی سەوز و نەیارانی سیاسی، دریژکراوەی تەسفیە حساباتی ناوخۆی و یەکێک لە دەرهاویشتەکانی یەکتیییە لەسەردەمی کوڕانی میراتگری تاڵەبانی.

بەستنی کۆنگرەی نمایشی بۆ قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لەدەستی کورانی تاڵەبانی و دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کادر و کەسایەتییە سیاسیەکانی پێشووی یەکێتی لە ناوەندی بڕیار و تەنانەت دوورخستنەوەیان لە هەر بەرپرسیارییەتیەک، لێدان لە پێگەی ئامۆزاکان و دەرکردنیان لە چوارچێوەی تەلاری ریکخراوەیی یەکێتیدا، هەنگاوی یەکەم و سەرەتایی کورانی تاڵەبانی بوو، تا کلۆمی نارەزایەتییەکانی ناوخۆی یەکێتی پێ بکات و هەمووان ناچار بکات، مل کەچی سەرۆک و بنەماڵە ببن. ئەم هەنگاوانەی یەکێتی وەکو خۆیان دەڵێن یەکێتی نوێ لە بنەرەتدا بۆ ئەوە بوو، یەکێتی نیشتیمانی لەدەست داخوران لە ناوەوە، رزگار بکات و پێگەی بێ نەیار بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی مەیسەر بکات، بەڵام ئەم ڕێگاو رەوشتەی بۆ یەکلاییکردنەوەی ناوخۆی بەدەستیەوە گرت، ناتوانێت نەبێتە ژینگەی سروشتی بۆ سەرهەڵدانی نارەزایەتی تر لەناو ریزەکانی یەکێتیدا. لە روکەشدا وا دیتە بەرچاو کە یەکێتی ئێستا یەک دەستترە، بەڵام لە دنیا واقعییدا، یەک دەستیەکی بەزۆر و کاتییەو باڵ و لاباڵی تر کە هەم باگراوندی میژوویان هەیەو هەم باڵ و لاباڵی تر کە دەرهاوێشتەی مامەڵەی نادروستی کوڕانی بنەماڵەن، لەناو خودی یەکێتییدا ئامادەییان هەیە و ئامادەیی زیاتر پەیدا دەکەن، بەتایبەتیش کە یەکیتی لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بریاری سیاسی هەرێمدا، لە دۆخێکی نەخوازراودایە.

یەکێتی کە نەیاری سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستانە لەسەر ئاستی هەرێمدا، بەکردەوە رۆڵێکی هاوبەشانەی لەدەسەڵاتدا نییە و سەرجەم دەسەڵاتە گرنگ و جومگە هەستیارەکانی هەرێم چ روو بە بەغدا و چ لەسەر ئاستی ناوچەکە و

بۆ لاپەڕە 13